دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

**٢٢ی پووشپەڕی ئەمساڵ، ٣٣ ساڵ بەسەر تێرۆر و شەهیدکرانی ڕێبەری ناوازە و بلیمەتی گەلەکەمان، د.عەبدولڕەحمان قاسملوو و هاوڕێیانی لە ڤییەنی پێتەختی ئۆتریش تێپەڕی.**
**ساڵ لەگەڵ ساڵ کە لە ساتەوەختی شەهیدکرانی ڕێبەرمان دوور دەکەوینەوە زیاتر و زیاتر بەو ڕاستییە دەگەین کە وتە و ئەندێشە و بەرهەم و میراتەکانی «کاک دوکتور»چەندە بەرۆژ و لەجێی خۆیاندا بوون و هەن. «کوردستان» یەکێکە لە سەنگەرە گرانبەهاکانی د.قاسملوو کە تێیدا قەڵەمی لێ داوە و ئەمڕۆ ئێمە بە شانازییەوە لەم سەنگەرەدا و بە گوێگرتنەوە لە وانەکانی ڕێبەرمان دژ بە شەوی ئەنگوستەچاو دەجەنگین تا کۆتاجار وەک «کاک سادق» فەرمووی:**
**«بەڵێن دەدەین یان سەردەکەوین یان ئەو شانازییەمان**
**بە نەسیب دەبێ کە بێینە قەراخ تۆ و ئەتۆ لە باوەش بگرین.»**

www.kurdistanmedia.com
ژمارە ٨٢٧، هەینی ٣١ی پووشپەڕی ١٤٠١ی هەتاوی، ٢٢ی جولای ٢٠٢٢



هزری دوکتور قاسملوو، فەلسەفەیە بۆ ژیانێکی ئازاد و سەربەست ٥



چاوبرسییەتی داگیرکەر بۆ خاکی کوردستان (ماکۆ) ٦



پەیامی م.حەسەن شیوەسەڵی بەبۆنەی ساڵوەگەڕی شەهیدانی ڤییەن ٨



دیمانەی کوردستان ١٠

# یادی شەهیدانی ڤییەن بەرز ڕاگیرا




ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٠ی پووشپەڕی ١٤٠١ی هەتاوی، بەبۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ ساڵوەگەڕی شەهیدانی ڤییەن لە بنکەی سەرەکیی حیزبی دێموکرات لە کەمپی ئازادی ڕێوڕەسمێکی تایبەت بەڕێوە چوو.

ئەو ڕێوڕەسمە بە بەشداریی بەشێک لە ئەندامانی ڕێبەری، کادر، پێشمەرگە و بنەماڵەکانی حیزب بەڕێوە چوو.

ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێ کرد.

دواتر پەیامی ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەلایەن «ڕووناک فەتحی» ئەندامی ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە خوێندرایەوە کە لە پەیامەکەدا هاتووە: « دیارە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە تێرۆری دوکتور قاسملوو لە ڤییەن، حیزبی دێموکرات و گەلی کوردی لە ڕێبەرێکی ناودار و هەڵکەوتوو و کاریزماتیک بێبەش کرد، بەڵام کوردستان بەچۆک دانەهات. خەباتگێڕان و حیزب و ڕۆڵە دەروەستەکانی قاسملوو خەبات لەپێناو ئازادییان درێژە پێ دا و ڕێگەیان نەدا ئاڵای خەبات بکەوێتە عەرز و خەونی ئاڵۆزی حکوومەتی مەزهەبی- ناسیۆنالیستیی ئێران وەدی بێ.

بەرخۆدان لە پێناو ماف و سەربەستی، ئێستاش، ٣٣ ساڵ دوای شەهیدکرانی دوکتور قاسملوو، لە هەموو ڕەهەند و شێوەکانی خۆیدا درێژەی هەیە و گەلی کورد و حیزبەکانی، بە یەکگرتوویی و خەباتی هاوبەش، هەتا گەیشتن بە ئامانج و ئاواتەکانی دوکتور قاسملوو و شەهیدانی دیکەی ڕێگەی ئازادی، بەردەوام دەبن.»

پاشان سروودێک بە ناوی «قاسملوو دەنگت بەهێزە» لەلایەن پێشمەرگە و هونەرمەند «غوڵام فاتحی» پێشکەش بە بەشداربووان کرا.

«لە یادت دەنووسم بەرزە یاد، لە ناوت دەگەڕێم بەرزە مرۆڤ» ناوی شێعرێک بوو کە لەلایەن «گوڵباخ بەهرامی»یەوە پێشکەش کرا.

دواتر پەیامی هاوبەشی ڕێکخراوەکانی ژنان و لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران و یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان لەلایەن «پژمان شەریعەتی» سکرتێری یەکیەتیی لاوانەوە خوێندرایەوە.

لە بەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا سروودێک لەژێر ناوی «قاسملووی شەهید» لەلایەن «غوڵام فاتحی» و پەخشانێک بەناوی «قاسملوو بەهارە و ڕەگی بە کانی هەرمانیدا ڕۆ چووە» لەلایەن پێشمەرگە «سمکۆ دەستمەردی»یەوە پێشکەش کرا.

لە کۆتاییدا سروودی «ئەی مامۆستای مەزن و زانا» لەلایەن منداڵانی ناوەندی نێرگزەوە پێشکەش بە ئامادەبووان کرا.

هەر بەم بۆنەوە ڕۆژی ٢١ی پووشپەڕ لە کەمپی دێگەڵە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ بەڕێوەچوو کە سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێ کرد.

دواتر پەیامی ڕێبەریی حیزب لەلایەن مەلا «قاسم کەڵەشی» ئەندامی ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکرات پێشکەش کرا.

پاشان سروودێک بە ناوی «قاسملووی شەهید» لەلایەن هونەرمەندی پێشمەرگە «غوڵام فاتحی» پێشکەش کرا.

دواتر پەخشانێک بە ناوی «پووشپەڕ کە دێ» لەلایەن «ناسێح خاکی» پێشکەش بە بەشداربووانی ڕێوڕەسمەکە کرا.

لە بەشێکی دیکەی بەرنامەکەدا پەیامی یەکێتییەکانی لاوان و ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران و خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان لەلایەن «سۆران چووپانی» خوێندرایەوە.

پاشان سروودێک بە ناوی «دوکتوری زانا» لەلایەن منداڵانی ناوەندی نێرگزەوە پێشکەش کرا.

لە بەشیکی دیکەدا شێعرێک لەلایەن هاوڕێی پێشمەرگە «زانیار یوسفزادە» پێشکەش بە بەشدارانی ڕێوڕەسمەکە کرا.

ڕۆژی دواتریش واتە چوارشەممە ٢٢ی پووشپەڕ، ڕێوڕەسمێکی هاوشێوە لە بارەگای «جێژنیکان» بەڕێوە چوو کە تێیدا پەیامی ٢٢ی پووشپەڕ لەلایەن «تەیموور مستەفایی» ئەندامی ناوەندی سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران پێشکەش بە بەشداربووانی ئەو ڕێوڕەسمە کرا.

پاشان شێعرێک لەلایەن مامۆستا «بێبەش پیرۆتی» خوێندرایەوە.

لە بەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا منداڵانی گرووپی «ئەستێرە» سروودێکیان پێشکەشی ڕێوڕەسمەکە کرد.

هەروەها لەلایەن «ئەیووب مەحموودزادە» پێشمەرگەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان شێعرێک پیشکەشی ئامادەبووان کرا.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو بۆنەیەدا «عەلی جۆڵا» کادری حیزبی دێموکرات پەخشانێکی پێشکەشی بەشداربووان کرد.

دواتر لەلایەن «شاهۆ ئەحمەدی» ئەندامی یەکیەتیی لاوان، پەیامی ڕێکخراوەکانی ژنان، لاوان و خوێندکاران خوێندرایەوە.

لەو ڕێوڕەسمەدا بڕگەیەک تەرخان کرابوو بۆ سروودێک هەروەها شانۆیەک کە لەلایەن «شاهڕۆخ خوسرەوی» کادری حیزبی دێموکرات ئامادەکاری بۆ کرابوو لەلایەن گرووپی منداڵانی «ئەستێرە» نمایش کرا.

ڕێوڕەسمەکە بە خوێندنەوەی شێعرێک لەلایەن «سارینا ڕەجەبی» کۆتایی پێ هات.

هەر لەم ساڵیادەدا چەندین ڕێوڕەسمی جیاواز لە چیا سەرکەشەکانی کوردستان و لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە بەڕێوە چوو و هاوڕێ لەگەڵ پێشمەرگەکانی شار کە ساڵانە لە ڕۆژی شەهیدکرانی د.قاسملوو و هاوڕێیانیدا چالاکی جۆراوجۆری تەبلیغی ئەنجام دەدەن پەیمان و بەڵێن لەگەڵ ڕێبازی پرسەروەری شەهیدان نوێ کرایەوە کە تاسەر وەفادار بە ڕێبازی هەرمان بن.

لەلایەکی دیکەوە ڕۆژی چوارشەممە ١٣ی ژوئیەی ٢٠٢٢ بەرامبەر لەگەڵ ٢٢ی پووشپەڕی ساڵی ١٤٠١هەتاوی، ڕێوڕەسمێک لەلایەن کۆمیتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە فەرانسە و بێلژیک لە گۆڕستانی «پێرلاشێز» لە فەڕانسە بەڕێوە چوو کە تێیدا بەشێک لە وتە بەنرخەکانی شەهید «دوکتور قاسملوو» لەسەر مەزاری شەهیدان لە گۆڕستانی «پێرلاشێز» بڵاو کرایەوە.

لە بەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمەکە «شاهۆ حوسێنی» بەرپرسی پەیوەندییە ئێرانی و کوردستانییەکانی حیزبی دێموکرات لە دەرەوەی وڵات بە زمانەکانی کوردی و فارسی بەخێرهاتنی میوانەکانی کرد. «حوسێنی» لە وتەکانیدا ئاماژەی بە بارودۆخی نالەباری ئەمنییەتی و ئابووریی ئێستای وڵاتی ئێران کرد و لە هەمان کاتدا باسی لە گرینگی و یەکگرتوویی حیزب هەر وەکوو شەهیدی ڕێبەر دوکتور «قاسملوو» لە قسەکانیدا وەک ڕێنوێنی بە تازەلاوان باسی دەکا، کرد.

دواتر دوکتور «کەندال نەزان» سەرۆکی ئەنستیتۆی کورد لە پاریس کورتەوتارێکی بە زمانی فەرانسەیی پێشکەش بە ئامادەبووان کرد.

هەروەها «وەها ئیبراهیمی» بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە وڵاتی بێلژیک وتاری هاوبەشی کۆمیتەکانی فەرانسە و بێلژیکی پێشکەش کرد کە ئاوێنەی تەواونما لە بارودۆخی ئێستای ئێران و هەروەها حیزب بوو کە پیشانی دەدا ڕۆڵی ئێستای ئەندامان و لایەنگرانی حیزب چۆنە.

دواتر «ئیسماعیل غوڵامی» بە خوێندنەوەی شێعرێک هەستی خۆی سەبارەت بەو ڕووداوە دڵتەزێنە دەربڕی و لە کۆتایی ڕێوڕەسمەکەدا «خوسرەو عەبدوڵڵاهی» بە زمانی فەرانسەوی سپاسی میوانان و بەشداربووانی کرد.

هەر هەمان ڕۆژ لە وڵاتی «بریتانیا» خۆپیشاندانێکی سەدان کەسی بۆ شەرمەزارکردنی هەرچی زیاتری کردەوەی تێرۆریستیی ٢٢ی پووشپەڕ و پاڵپشتیی دەوڵەتی ئۆتریش لەم تێرۆرە لەبەر دەرگای باڵوێزخانەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران و ئۆتریش بەڕێوە چوو.

هەروەها لە ڕۆژانی ڕابردوودا چەندین کۆڕیاد، سیمینار و وێبینیار لە وڵاتەکانی سویس، دانمارک، سوید، فەنلاند، ئامریکا و نۆرویژ لەلایەن کۆمیتەکانی حیزب لەم وڵاتانە بەڕێوە چوون.

## پەیڤ

### قوتابخانەی ژیان

**کەریم پەرویزی**

سی و سێ ساڵ پێش، بە دەسڕێژی دڵڕەشی، ویستیان کە خەباتێکی خوێناوی، بەڵام پڕ لە شانازی، بێسەر بکەن تاکوو دەست بەسەر جەستەی نەتەوەیەکدا بگرن و لە ژێر دەمامکی دیپلۆماتیکدا، لە پشتی مێزی بەناو وتووێژ بە چەکەوە ئامادە بوون و دوکتور قاسملووی ڕێبەر و هاوڕێیانیان تیرۆر کرد، بەو ویستە نگریسەوە کە مێشکی نەتەوەیەك بپژێنن و داگیرکەریی خاکەکە بکەن بە داگیرکردنی ئیرادە و ناسنامە و خولیا.

لە ماوەی ئەم سی و سێ ساڵەدا وێڕای یادکردنەوە لە ڕێبەری نەمر دوکتور قاسملوو، هەندێ هەوڵیش دراوە کە بوارەکانی کەسایەتی و بیروبۆچوون و ڕوانگەی دوکتور قاسملوو باس بکرێ و نەوەکانی ئەمڕۆ و دوارۆژ هەندێکی لەسەر بزانن بەڵام ئەو باسکردنانە کاتێك لە خوێندنەوەیەکی گشتیتر و چوارچێوەدارتر و ئامانجدارتردا نەبن، بە کزی و ناتەواوی دەردەکەون.

ناسین و باسکردن لە دوکتور قاسملووی ڕێبەر تەنیا بریتی نییە لە باسکردن لە ڕۆڵی ڕێبەریی ئەو لە حیزبی دێموکراتدا، هەروەك تەنیا باسکردن لە ڕۆڵی ڕێبەریی ئەو لە خەباتی نەتەوەی کورددا نییە. باسکردن لە دوکتور قاسملوو ناتوانێ تەنیا باس لە خۆنەویستی و ڕێبازی خۆ فیداکردنی لە پێناوی ئامانجی بەرزی نەتەوەییدا بێ، هەروەك ناکرێ تەنیا باسکردن لە زانایی و شارەزایی ئەو لە سیاسەت و زانستی ناسینی کۆمەڵگا بێ.

باس لە دوکتور قاسملوو ناتوانێ تەنیا باس لە دەوری ئەو لە پێوەندیدانی خەباتی کورد بە خەباتی بەشەکانی دیکە لە ئێران بێ، هەروەك ناتوانێ تەنیا باس لە ڕۆڵی دوکتور قاسملوو لە نزیککردنەوەی خەباتی بەشە جیاوازەکانی کوردستان بێ. باس لە دوکتور قاسملوو ناتوانێ تەنیا باس لە زانایی لە بواری ئابووریی سیاسی و دارشتنی پلان بۆ بەڕێوەبردنی ئابووریی وڵاتێکدا بێ، هەروەك ناکرێ تەنیا باس لە دیپلۆماتبوون و شارەزایی بە سەر چەندین زمان و نوێنەری ڕاستەقینەی گەل بوون و گەیشتن بە ناوەندە گرنگە دیپلۆماتیکەکان بۆ ناساندنی پرسی نەتەوەی کورد بێ.

باس لە دوکتور قاسملوو ناتوانێ تەنیا باس لە کەسایەتییەکی ڕێبەر بێ کە دەتوانێ ڕێکخراوێك و حیزبێك ڕێبەری بکا، هەروەك ناتوانێ تەنیا باس لە ڕۆڵی دوکتور قاسملوو لە پێگەیاندنی تاکەکانی

درێژە لە لاپەڕەی ٣

## پەیامی پیرۆزبایی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی جەژنی قوربان

بەبۆنەی جەژنی قوربان، پیرۆزبایی لە هەموو موسوڵمانان بە تایبەت هاونشتمانانی خۆشەویستمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەم. هەر چەند لەژێر سێبەری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا شتێک بە ناوی خۆشی و شادی لە وڵاتەکەمان نەماوە، بەو حاڵەش هیوادارم ڕۆژانی جەژن بۆ هەموو لایەک بە خێر و خۆشی تێپەڕێ و بە نەمانی ئەو ڕێژیمە جارێکی دیکە خۆشی و شادی ڕوو لە وڵات بکاتەوە.

دووبارە جەژنتان پیرۆز بێ

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**لێپرسراوی گشتی**
**مستەفا هیجری**
**١٧ی پووشپەڕی ١٤٠١ی هەتاوی**

## پەیامی سەرەخۆشیی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات بۆ کۆچی دوایی کاک «عەلی قازی»

بەداخەوە ئاگادار بووین بەیانی ئەمڕۆ ١٩ی پووشپەڕی ١٤٠١ی هەتاوی، بەڕێز کاک عەلی قازی کوڕی شەهید پێشەوا قازی محەممەد لە تەمەنی ٨٩ ساڵیدا لە نەخۆشخانەیەکی ئاڵمان کۆچی دوایی کردوە.

وێڕای دەربڕینی پەژارەی خۆمان لەو ڕووداوە لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، سەرەخۆشیی خۆمان پێشکەش بە کەسوکاری و بە گشتی بنەماڵەی گەورەی پێشەوا دەکەین و خۆمان لە خەمیاندا بە بەشدار دەزانین.

ڕۆحیان شاد بێ

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**لێپرسراوی گشتی**
**مستەفا هیجری**
**١٩ی پووشپەڕ**

## پەیامی مستەفا هیجری بۆ کۆچی دوایی «کەریم ئەحمەد» سکرتێری پێشووتری حیزبی شیوعیی کوردستان

بەڕێز مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعیی کوردستان!

وێڕای ڕێز و سڵاو

هەواڵی کۆچی دوایی کاک «کەریم ئەحمەد»، سکرتێری پێشووتری حیزبی شیوعیی کوردستان جێگای پەژارەمانە.

کاک «کەریم ئەحمەد» تەمەنێکی لە خەبات دژی ڕێژیمی بەعسی عێراق تێپەڕ کرد و لەو پێناوەدا و لەپێناو بیر و باوەڕی سیاسیی خۆیدا زیندان و ئەشکەنجە و دەربەدەریی زۆری تووش بوو.

هەروەها کاک کەریم دۆستێکی بەوەفا و تا سەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو و هەمیشە لەگەڵ ڕێبەرایەتیی حیزبی ئێمە لە پێوەندییەکی دۆستانەدا بوو.

بە بۆنەی کۆچی دوایی کاک کەریم ئەحمەد لەلایەن ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، سەرەخۆشیی خۆمان پێشکەش بە ئەندامانی بنەماڵەی بەڕێزیان، ڕێبەرایەتی و جەماوەری حیزبی شیوعیی کوردستان دەکەین و خۆمان بە بەشداری خەمی لەدەستدانی کاک کەریم دەزانین.

لەگەڵ ڕێزی دووبارە

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**لێپرسراوی گشتی**
**مستەفا هیجری**
**٢٣ی پووشپەڕی ١٤٠١ی هەتاوی**
**١٤ ژوئیەی ٢٠٢٢ی زایینی**

## مستەفا هیجری: «حوکمی دادگای سوید دژی حەمید نووری بڕیارێکی مێژووییە»



حەمید نووری پاسدار وهاوکاری جیناتکاری زیندانی گەوهەردەشت کە لە پرۆسەی ئێعدامی زیندانییانی سیاسیی ساڵی ٦٧دا لەو زیندانەدا دەستی هەبووە لە موحاکمەیەکی بێ لایەنە و لە دادگایەکی دادپەروەردانەدا لە سوید زیندانی هەتاهەتایی بۆ بڕایەوە.

هەر چەندە نیگەرانیی ئەوە هەیە لە داهاتوودا ناوبراو لەگەڵ یەک یا چەند زیندانی سویدی کە لە زیندانەکانی ئێراندا بە بارمتە گیراون یا دەگیرێن گۆڕینەوەی پێ بکرێت بەڵام دەرکردنی ئەو حوکمە بەڵگەیەکی بەهێزی دیکە بوو لەسەر جینایەتەکانی ڕێژیمی ئێران و لەلایەکی دیکەوە سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ بنەماڵەی قوربانییان و هەموو ئازایخوازانی ئێران.

بە هیوای ئەوەیکە باقی جینایەتکارانی دیکەی ئەو ڕێژیمە لە داهاتوویەکی نزیکدا لە دادگایەکی دادپەروەرانە لە ئێراندا دوای کۆماری ئیسلامی بە سزای کردەوەکانی خۆیان بگەن.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**لێپرسراوی گشتی**
**مستەفا هیجری**
**٢٤ی پووشپەڕی ١٤٠١ی هەتاوی**

## پەیامی ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٣٣ ساڵەی تێرۆری دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و هاوڕێیانی

٢٢ی پووشپەڕ بەرانبەر بە ١٣ی ژووییەی زایینی وەبیرهێنەرەوەی ڕۆژێکی تاڵ و زامێکی قووڵ و بەژان بۆ کورد و غەدرێکی گەورە و جینایەتێکی سامناک و لەبیرنەکراوی کۆماری ئیسلامی دژ بە نەتەوەی کوردە.

لەو ڕۆژەدا لە ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی بەرانبەر بە ١٩٨٩ی زایینی، تیمێکی تێرۆری کۆماری ئیسلامی کە لە بەرگی دیپلومات و بە پاسپۆرتی دیپلۆماتیکەوە بە بیانووی وتووێژ لەگەڵ دوکتور قاسملوو بە مەبەستی گەیشتن بە ڕێگەچارەیەکی سیاسی و ئاشتییانە بۆ پرسی کورد لە ئێراندا، بەڕێی «وییەن» لە وڵاتی ئۆتریش کرابوون، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو سکرتێری گشتیی ئەو کاتی حیزب هاوڕێ لەگەڵ کاک عەبدوڵڵا قادری ئازەر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات و دوکتور فازڵ ڕەسووڵ کوردی باشوور و مامۆستای زانکۆیان لەسەر مێزی وتوویژ شەهید کرد.

ڕێژیمی ئیستبدادیی کۆماری ئیسلامی کە هەر لە سەرەتاوە سیاسەتی خۆی بەرانبەر بە جیابیران لەسەر بناخەی لەنێوبردن و تێرۆری ڕێبەرانی ئۆپۆزیسیۆن داڕشتبوو و لە سیاسەت و باوەڕی پتەوی دوکتور قاسملوو و حیزبی دێموکرات بە دیالۆگ و ڕێگەچارەی دێموکراتیک و سیاسیی پرسی کورد لە ئێراندا ئاگادار بوو، ئەوەی وەک دەرفەت بۆ ڕاکێشانی دوکتور قاسملوو بۆ سەر مێزی وتووێژ قۆستەوە و بە تێرۆری دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی، دڵڕەشی و دوژمنایەتیی بێسنووری خۆی بەرانبەر بە ماف و ئازادیی نەتەوەی کورد بە دنیا نیشان دا.

کۆماری ئیسلامی بەدوای گەیشتن بە دەسەڵات، کوردستانی ڕاپەڕیو و جووڵانەوەی ئازادیخواز و دێموکراتیکی کوردستانی بە نەیار و کۆسپێکی گەورە بۆ سەپاندنی حاکمییەتی دژیگەلی خۆی دەزانی و سەرکوتی ئەو جووڵانەوە پێشکەوتنخوازانەی لە سەرەوەی ئەولەوییەتەکانی خۆی دانا.

ڕێژیم سەرەتا ویستی لە ڕێگای هێرشی بەربەرینی نیزامیییەوە کورد و کوردستان بەچۆکدا بێنێ، بەڵام لەگەڵ بەرەنگاربوونەوە و خۆڕاگریی کەمو‌ێنەی خەڵک و هێزی پێشمەرگە بەرەوڕوو بوو و پاشەکشەی پێ کرا.

ئەوکاتە بوو کە حکوومەتی تازە بەدەسەڵاتگەیشتووی ئێران کەوتە داڕشتنی پیلانی تێرۆری قاسملووی مەزن، بەو هیوایە کە بە لێدانی سەری جووڵانەوە، بزووتنەوە تووشی شکست دەبێت و خەباتی کورد بۆ ئازادی و ڕزگاری کۆتایی پێ دێت.

ڕێژیمی دواکەوتوو و ئیدئۆلۆژیکی ئێران ئێستاش تێنەگەییوە کە نەتەوەی کورد بڕوای بە خەباتی ڕەوا و دێموکراتیکی خۆی هەیە و بڕیاری داوە هەتا سەرکەوتن و گەیشتن بە ئازادی و مافە نەتەوەییەکانی لە تێکۆشان و بەرخۆدان بەردەوام دەبێت، دیکتاتۆری سەرکوتکەر بەچۆکدا دێنێت و جێژنی ڕزگاربوون لە ژێردەستی دەگرێت.

لەلایەکی دیکەوە، ئێستاش و زۆر ئاشکراتر لە ڕابردوو، دەبینین کە کۆماری ئیسلامی بە بەرچاوی دنیاوە تێرۆریزمی دەوڵەتی وەک کەرستەی بەرەنگاربوونەوەی ئۆپۆزسیۆن و بەڕێوەبردنی سیاسەتی تێرۆرستی و تێکدەرانەی خۆی لە ناوچەدا، درێژە پێ دەدا.

بارودۆخی ئەوڕۆی ئێران لە ساڵەکانی پار و پێرار و پێشووتر شێواو و شپرزەتر بووە. قەیرانە نێوخۆییەکان لە بواری سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ئەمنییەتی، گرانیی هەوساڕپچڕاو، بێکاری، هەژاری و دیاردەی برسیەتی، قەیرانی ناکارامەیی، قەیرانی ئیدئۆلۆژیک و مەشەڕووعییەتی سیاسی و مەزهەبیی ڕێژیم، گەندەڵیی حکوومەتی هاوکات لەگەڵ قەیرانی پێوەندی و دیپلۆماسی لەگەڵ وڵاتانی ناوچە و دەرەوەی ناوچە، بە شێوەیەکی باوەڕنەکراو پەرەیان سەندووە و ڕێژیم لە وڵامدانەوە بە سەرەتاییترین داوخوازەکانی خەڵک داماوە.

ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی و بەر لە هەموویان عەلی خامنەیی، بەهیوا بوون بە دیاریکردنی ئیبراهیم ڕەئیسی لە هەڵبژاردنی ٢٨ی جۆزەردانی ١٤٠٠ و یەکدەستکردنی حاکمییەت، دەتوانن بەسەر ئەو کێشە و قەیرانانەی کە بەرهەمی سیاسەتەکانی خۆیانن، زاڵ بن و درێژە بە حکوومەتکردن بدەن.

بەڵام دیتمان کە دوای زیاتر لە ساڵێک تێپەڕین بەسەر شانۆی هەڵبژاردندا، هیچکام لە ئامانجەکانی حاکمییەت نەهاتوونەتە دی.

بەپێچەوانە، لەلایەک ناکۆکی و ناتەبایی نێوخۆی ڕێژیم زۆر زیاتر و ئاشکراتر لە پێشوو زەق بوونەتەوە و ڕێبەران و بەرپرسانی حکوومەت بە نووسراو و ڤیدیۆ و لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان گەندەڵی و جیناتەکانی یەکتر لەقاو دەدەن.

لەلایەکی دیکەوە قەیرانەکان نەک هەر چارەسەر نەکراون، بەڵکوو بەشێوەی نەدیتراو قووڵتر و مەترسیدارتریش بوونەتەوە. گرانیی تاقەتپڕووکێن لەلایەک و ئاوسانی کۆنترۆڵنەکراو و دابەزینی نرخی دراوی وڵات لەلایەکی دیکەوە، ئەوەندەی دیکە ژیانی بە چین و توێژە کەمداهات یان بێداهاتەکان تاڵ و ئاستەم کردوە و تووشی کێشەی زیاتری مەعیشەتییان دەکا.

بۆیە، خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکانی ئەوڕۆی چین و توێژەکانی کۆمەڵگای ئێران ئیدی بۆ ژیانی خۆشتر و باشتر نییە، بەڵکوو بۆ لە ژیاندا مانەوە و لەبرسان نەمردنە. گرانی و هەژاریی وەها پەرەی سەندووە کە لە کۆنترۆڵی ڕێژیمی گەندەڵ و ناکارامە دەرچووە. زۆرینەی خەڵک توانای دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیانی نییە.

ئیعترازات و خۆپیشاندانەکان لە شارەکانی ئێران ڕۆژانە بەڕێوە دەچن و ئەگەرچی ڕەنگ و باری بژێوی و ئابوورییان بە زەقی پێوە دیارە، بەڵام ئامانجەکان سیاسین: زۆر ناخایەنێ کە دروشمی خۆپیشاندەران و خەڵکی ناڕازی شێوەی دژی حکوومەتی بەخۆوە دەگرن و ڕێبەرانی ڕێژیم دەکەنە ئامانج.

ئاشکرایە کە تەنیا بە گۆڕانی بنەڕەتی و قووڵ لە حاکمییەتی سیاسیدا خەڵک لەو دۆخە ڕزگاریان دەبێ.

ئێران بە مانەوەی کۆماری ئیسلامی لەو قۆناخە دژوارە دەرباز نابێ.

لە ئاستی دەرەوەدا، کێشەکانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەمریکا و ئورووپا بە چارەسەرنەکراوی ماونەتەوە.

لە ئاکامی ئەو وەزعەدایە کە نارەزایەتیی خەڵک گەییوەتە ئەوپەڕی خۆی و ئیعترازاتەکان پەرەیان سەندووە و هاوکات، تەنیا وڵامی ڕێژیم بە داوا ئیعترازەکانی خەڵک گرتن و لێدان، سەرکوتی زیاتر و توندترکردنی کەشی ئەمنیەتییە.

کۆمەڵگای ئێران بەرەو تەقینەوە و ڕاپەڕین دەڕوا و وێناچێ پێشی پێ بگیرێ. بەڵام نەبوونی ئۆپۆزسیۆنێکی یەکگرتوو و بەهێز هەروا خاڵی لاوازی خەڵک و هێزەکانی دژبەری ڕێژیمە.

لە کۆتاییدا پێویستە ئاماژە بکرێ کە دیارە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە تێرۆری دوکتور قاسملوو لە ڤییەن، حیزبی دێموکرات و گەلی کوردی لە ڕێبەرێکی ناودار و هەڵکەوتوو و کاریزماتیک بێبەش کرد، بەڵام کوردستان بەچۆک دانەهات. خەباتگێڕان و حیزب و ڕۆڵە دەروەستەکانی قاسملوو خەبات لەپێناو ئازادییان درێژە پێ دا و ڕێگەیان نەدا ئاڵای خەبات بکەوێتە عەرز و خەونی ئاڵۆزی حکوومەتی مەزهەبی- ناسیۆنالیستیی ئێران وەدی بێ.

بەرخۆدان لە پێناو ماف و سەربەستی، ئێستاش، ٣٣ ساڵ دوای شەهیدکرانی دوکتور قاسملوو، لە هەموو ڕەهەند و شێوەکانی خۆیدا درێژەی هەیە و گەلی کورد و حیزبەکانی، بە یەکگرتوویی و خەباتی هاوبەش، هەتا گەیشتن بە ئامانج و ئاواتەکانی دوکتور قاسملوو و شەهیدانی دیکەی ڕێگەی ئازادی، بەردەوام دەبن.

بەرز و بەڕێز بێت یادی ڕێبەری ناودار دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، کاک عەبدوڵڵا قادری ئازەر و دوکتور فازڵ ڕەسووڵ

بڕووخێ ڕێژیمی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامی

شەکاوە بێ ئاڵای خەباتی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد لەپێناو وەدیهێنانی ئامانجە بەرزەکانی قاسملووی هەمیشە زیندوودا.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**ناوەندی سیاسی**
**٢٢ی پووشپەڕی ١٤٠١ی هەتاوی**

# ڕاگەیەندراوی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەبۆنەی کۆچی دوایی کاک «عەلی قازی» کوڕی پێشەوا قازی محەممەد


ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران
Cooperation Center of Iranian Kurdistan’s Political Parties.

بەداخ و کەسەرەوە سەرلەبەیانیی ڕۆژی یەکشەممە ١٩ی پووشپەڕ کاک «عەلی قازی» ناسراو بە کوڕی «ڕەش»، تاقانە کوڕی پێشەوا «قازی محەممەد» سەرکۆماری کوردستان لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی وڵاتی ئاڵمان لە تەمەنی ٨٩ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. کاک «عەلی قازی» سەرەتای لاویەتی بۆ خوێندن چووەتە شارەکانی تەورێز و تاران و پاشان بۆ خوێندن ڕووی لە دەرەوەی وڵات کرد و لە وڵاتی ئاڵمان گیرسایەوە. کوڕی ڕەش هێشتا تەمەنێکی وای نەبوو کە بەداخەوە کارەساتی هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان و لە سێدارەدانی پێشەوا «قازی محەممەد» و هاوڕێیانی بەسەردا هات و ئەو کارەساتانە کاریگەریی وای لەسەر ژیانی خۆی و بنەماڵەکەی دانا کە ئاسەواری بەڕوونی بە ژیان و ڕەوانییەوە دیار بوو. کوڕی ڕەش هەردەم خۆی وەفادار بە ڕێگا و ڕێبازی باوکی مەزنی پێشەوا «قازی محەممەد» دەزانی و هەمیشە لە خەمی دۆزی ڕەوای گەلەکەی بوو.

بەردەوام داوای یەکگرتوویی و یەکڕیزی خەڵک و هێزە سیاسیەکانی کوردستانی دەکرد و لەو باوەڕەدا بوو کە کورد بە یەکگرتوویی دەتوانێ بە ئاوات و ئامانجەکانی بگات. بەڵام بەداخەوە مەرگ دەرفەتی ئەوەی نەدا کە کاک عەلی ڕزگاریی کوردستان و وەدیهاتنی ئەو ئاواتانەی کە پێشەوای مەزن و هەزاران کادر و پێشمەرگە و ڕۆڵەی کورد سەری خۆیان لە پێناودا دانا، بە چاوی خۆی ببینێ و سەرلەبەیانیی ڕۆژی یەکشەممە ١٩ی پووشپەڕ بۆ هەمیشە دڵی لە لێدان کەوت و ماڵاوایی لە گەلەکەی و ئەویندارانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان کرد. ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەو بۆنەوە سەرەخۆشی لە گەلی کورد و بنەماڵەی گەورەی «قازی»یەکان و هەموو ئەویندارانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان دەکا و لە خەم و پەژارەیاندا خۆی بە بەشدار دەزانێ.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**١٩ی پووشپەڕی ١٤٠١ی هەتاوی**
**١٠ی جووڵای ٢٠٢٢ی زایینی**

# ڕاگەیەندراوی دەزگای ڕێکخستنی گشتی لەمەڕ ئاڵۆزییەکانی ناوچەی «ماکۆ»



هاونیشتمانە بەڕێزەکان!
خەڵکی نیشمانپەروەر و ئاشتیخوازی ناوچەی ماکۆ!
هەروەک ئاگادارن لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا بەهۆی ئاژاوەنانەوەی چەند کاربەدەستێکی بەدناوی ڕێژیم لە ناوچەی ماکۆ، شەڕ و تێکهەڵچوون لەنێوان چەند بنەماڵەی کورد و ئازەریی ئالاجیقی ماکوو لەسەر هەوار و لەوەڕگە دروست ببوو کە بەداخەوە کوژراو و برینداری لێ کەوتەوە.
ماوەیەکە بەهەلپەرستی، کێشە و ئاڵۆزیی مەبەستدار لە ناوچەی ‹‹خۆی و ماکۆ›› لەنێوان کورد و ئازەریدا دەخولقێندرێن، کە جێگای نیگەرانین.
دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای بەداخبوون لە ڕوودانی ئەم جۆرە ئاڵۆزییانە داوا لە کورد و ئازەرییەکانی ناوچە دەکات بە زووترین کات کۆتایی بە گرژی و تێکهەڵچوونی نێوانیان بێنن و نەهێڵن کۆماری ئیسلامی ئاوی ئاشتی و پێکەوە ژیان لێڵ و ڕاوی ماسیی شەڕی لێ بکات.
داوا لە هاونیشتمانیانی بەڕێز لە هەردوو گەلی برا، کورد و ئازەری دەکەین، بە وریایی و وشیارییەوە بەرەنگاری پیلانی پیلانگێڕانی ڕێژیم ببنەوە و پێش بە تەشەنەی ئەو جۆرە ڕووداوە نەخوازراوانە بگرن.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەزگای ڕێکخستنی گشتی**

# ڕاگەیەندراوی ناوەندی هاوکاریی سەبارەت بە مەحکوومبوونی تێرۆریست «حەمید نووری» پێشەوا قازی محەممەد

ڕۆژی پێنجشەممە ٢٣ـی پووشپەڕی ١٤٠١ی هەتاوی، پاش ٩ مانگ دادگایی و لێکۆڵینەوە، دادوەری دادگای ستۆکهۆڵم «حەمیدی نووری» یەکێک لە تێرۆریستانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بە تاوانی شەڕ و کوشتنی بەئەنقەست لە ڕەوتی ئێعدامەکانی هاوینی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی بە زیندانی هەتاهەتایی مەحکووم کرد.
یەکەمین دانیشتنی دادگای «حەمید نووری» ناسراو بە «حەمید عەباسی» یاریدەدەری پێشووی قازی زیندانی گەوهەردەشت ڕۆژی ١٠ی ئاگۆستی ٢٠٢١ دەستی پێکرد و ڕۆژی ٤ی مانگی مەی ٢٠٢٢ کۆتایی پێهات.
دادگا لە ٩٣ دانیشتندا گوێی لە وتەی سکاڵاکاران و کەسی تاوانبار گرت.
ئەمە بۆ یەکەم جارە کە پاش زیاتر لە سێ دەیە لە کوشتاری بە کۆمەڵی زیندانیانی سیاسی لە هاوینی ساڵی ١٣٦٧ لە زیندانەکانی ئێران یەکێک لە تۆمەتبارانی ئەم دۆسیە دادگایی و مەحکووم دەکرێت.
ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران پیرۆزبایی ئەم سەرکەوتنە لە هەموو کەسوکاری قوربانیانی هاوینی ٦٧ـی هەتاوی دەکات و بڕوای وایە کە مەحکوومبوونی حەمیدی نووری لە دەرەوەی ئێران، ڕیسوایی و مەحکوومبوونی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە.
ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی تەمەنی نگریسی خۆی دژی ئازادیخوازانی ئێران بە گرتنەبەری سیاسەتی سەرکوت و تێرۆر، گیانی هەزاران مرۆڤی ئازادیخوازی ئەستاندووە.
لە کوردستانیش کە هەر لە یەکەم ڕۆژەکانەوە کرایە ئامانجی دڕندانەترین شێوازی ئەم سیاسەتەی ڕێژیم، بە هەزاران کەس بە تاوانی ئازادیخوازیی لە نادادگاکانی ڕێژیم بە مەرگ مەحکووم کران. هەر بۆیە مەحکوومبوونی حەمید نووری مایەی دڵخۆشی خەڵکی ستەملێکراوی کوردستان و ئێرانە.
دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران ئەو پەیامەیان وەرگرت کە تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی ناتوانێت لە دەستی دادپەروەریی دەرباز بێت و درەنگ یان زوو هەموو بکوژان و تۆمەتبارانی تاوانی دژە مرۆڤایەتی لە دادگاکاندا بە سزای تاوانەکانیان دەگەن.

**ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٢٤ی پووشپەڕی ١٤٠١ هەتاوی**
**١٥ی جووڵای ٢٠٢٢ زایینی**

# دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکرات: ئیدعای وەزارەتی ئیتلاعاتی ڕێژیمی ئێران درۆیە

دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاوی کردووەتەوە کە ئیدعای وەزارەتی ئیتلاعاتی ڕێژیمی ئێران سەبارەت بە دەسبەسەرکردنی گرووپێکی ١٠ کەسی درۆیە.
دەقی ڕاگەیەندراوەکە بەم چەشنەیە:
هاونیشتمانە بەڕێزەکان
خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان
لەکۆتایی حەوتووی ڕابردوودا،وەزارەتی ئیتلاعاتی ڕێژیمی ئێران لە دەزگای درۆسازییەکانی خۆیدا بڵاوی کردەوە کە توانیویانە گرووپێکی ١٠کەسیی ئەندام لە ڕایەڵکەیەکی تێرۆردا دەسبەسەر بکەن کە ئامانجیان هێرش و پەلامار بۆ سەر بنکەو بنیات و دامەزراوەکانی کۆماری ئیسلامی بوو.
ئەم بەناو ڕاگەیاندنە لە ڕاستیدا، چەواشەی ڕاستی و بوختانسازکردنی سپایە بۆ بیانووی ئەو کردەوە دژی گەلییانەی زیاتر لە چل ساڵە لەم وڵاتەدا بەردەوامە بە مەبەستی سەپاندنی سزای قورس بەسەر کەسانی ناڕازی لەو ڕێژیمەدا. ئەگەرنا ئەوە زۆر ئاشکرایە کە ڕۆژ نییە لاوەکان پەلکێشی زیندانەکان نەکرێن، کاسبکار بەرگوللە نەدرێن، خەڵکی بێئازار لە شەقام و بازاڕ چاوترسێن و پەڕیوە نەکەن.
دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕادەگەیەنێ ئەو کەسانەی بەو تاوانە دروستکراوە دەسبەسەر کراون وەکوو زۆر کەسی دیکە لە دەسبەسەرکراوەکانی کورد بە دوو مەبەست ئەو پەروەندەسازییانەیان بۆ دەکرێ کە یەکەم لە بێدادگاکاندا سزای قورسیان بەسەردا بسەپێنن، دووهەم لەم دۆخەی ئێستادا کە ڕێژیم زیاتر لە هەموو کات لەگەڵ ڕق و تووڕەیی خەڵکی ئێران بە تایبەت تێکۆشەرانی کورد لە کوردستانی ئێران بەرەوڕوو بووەتەوە و لە سیاسەتی دوژمنسازییەکەی دەرەوەی بەتەواوی دووچاری شکست بووەتەوە، خۆی بەهێز نیشان بدا و بەخەڵکی ناڕازیی نێوخۆ و دەرەوە بڵێ کە ئێستاش دۆخەکە لە کۆنتڕۆڵی خۆیدایە.
کۆماری ئیسلامی ئەوە باش دەزانێ کە هیچ ڕەواییەکی لە کوردستاندا نییە و سەرکوت و زەبروزەنگیش ئەم گەلە خەباتگێڕە بەچۆکداناهێنێ و گەلەکەمان باوەڕی بەوەهەیە کە ئازادی بێ فیداکاری و خۆبەخت کردن وەدەست نایا. هەر بۆیە سەرەڕای ئەو هەموو گرتن و ئەشکەنجە و تێرۆر و کوشتنەی کۆماری ئیسلامی لە پەلەقاژەی دەسەڵاتیدا ئەنجامی دەدات، هەروا سوور و شێلگیرە لەخەبات و تێکۆشان تا وەدەستهێنانی ماف و ئازادییەکانی.
بڕووخێ ڕێژیمی تێرۆریستپەروەری کۆماری ئیسلامی
نەمان بۆ تێرۆریست و دامودەزگای تێرۆر

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەزگای ڕێکخستنی گشتی**
**٢٥ی پووشپەڕی ١٤٠١ی هەتاوی**

## درێژەی پەیف

دێموکراتدا بکرێ. ناکرێ باس لە تەنیا ڕوانینی دوکتور قاسملوو بۆ دوارۆژی کۆمەڵگا و دروستکردنی خولیا و هیوا و ئارمان بۆ نەتەوەیەك بکەین، هەروەك تەنیا ناتوانین باس لە وردە ڕووداوەکانی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەکان بکەین کە بە چ شێوەیەك دوکتور قاسملوو مانا بەو وردە ڕووداوانە دەدا و هەنگاوە بچووکەکانی هەر مرۆڤێك بۆ ژیانێکی بەختەوەرانەتر باس دەکا. ناتوانین تەنیا باس لە گرنگیدان و بایەخی بەرزی ئازادی، ئیرادەی سەربەخۆی تاك و ڕێکخراو، مافی یەکسان و هاوتا بۆ نەتەوەیەك، بایەخی مرۆیی یەکسان بۆ ژنان و ئامادەییان لە بیاڤی گشتی کۆمەڵگا و سیاسەتدا، باس لە بایەخی بەرز و مانای قووڵی شەهید، باس لە دادپەروەیی و کۆمەڵگایەکی دادپەروەر، باس لە خۆشەویستی بۆ نیشتمان، خۆشویستنی ژینگە، ڕێزدانان بۆ کەسایەتیی تاکەکان، دەوری ڕێبەری لە بردنە پێشی خەبات و هەروەها ژیانی مرۆڤەکان، شێوازی پاراستنی مێژوو و ئاسەوارەکانی، گرنگیی کولتوور و فەرهەنگ و دەسکەوتی کولتووریی کورد و پرسی گرنگی زمانی کوردی و پەروەردە بە شێوازی نەتەوەیی و دەیان شتی دیکە بکەین وەکوو تەنیا ڕەهەندەکانی بیری دوکتور قاسملوو. بەڵکوو بە وەسەریەکخستنی تەواوی ئەو باسانە و دارشتنەوەی باسەکە وەکوو گشتیەتێك دەگەین بەو وتەی کۆتاییە کە «کردەوە و هەنگاوەکان و بیروهزری دوکتور قاسملوو قوتابخانەی مانابەخشی ژیانە، بۆ ئەوانەی لێی تێدەگەن.»

# بەبۆنەی ٣٣هەمین ساڵوەگەڕی شەهیدکرانی دوکتور قاسملوو، ڕێوڕەسمێک لە چیاکانی کوردستان بەڕێوە چوو

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٠ی پووشپەڕ، پێشمەرگەکانی شاخ لە هێزی ١٣٥، بەبۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ، ٣٣هەمین ساڵوەگەڕی شەهیدکرانی دوکتور «عەبدولڕەحمان قاسملوو» و هاوڕێیانی لە چیاکانی کوردستان ڕێوڕەسمێکیان بەڕێوە برد.
ڕێوڕەسمەکە بە چەند ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێ کرد.
دواتر سروودێک لەژێر ناوی «قاسملوو» لەلایەن گرووپی سروودەوە پێشکەش کرا.
لە بڕگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا وتارێک لەسەر کەسایەتیی دوکتور «قاسملوو» لەلایەن «مستەفا مەناف» فەرمانەدەی هێزی ١٣٥، پێشکەش کرا.
لە درێژەدا کورتەیەک لە ژیاننامەی دوکتور «قاسملوو» لەلایەن «دانیال ئیبراهیمی» پێشکەشی بەشداربووان کرا.
لە بڕگەی کوتایی ڕێوڕەسمەکە پەخشانێک بە ناوی «دونادوون» لەلایەن «شاناز ڕەسووڵی ئەقدەم» پێشکەش کرا و ڕێوڕەسمەکە کۆتایی پێ هات. هەروەها لە هێزی ١١٥ی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ڕێکەوتی ٢١ی پووشپەڕی ساڵی ١٤٠١ی هەتاوی، بەبۆنەی ساڵڕۆژی شەهیدبوونی دوکتور «عەبدولڕەحمان قاسملوو» و هاوڕێیانی ڕێوڕەسمێک بەڕێوە چوو .
سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە سانێکی نیزامی و پاشان سروودی نەتەوایەتیی «ئەی ڕەقیب» و خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان بە تایبەت شەهیدانی ڤییەن دەستی پێ کرد.
دواتر لەلایەن «سەیران مەحموودپوور» جێگر هێزی ١١٥ کورتەیەک لە ژیاننامەی دوکتور «عەبدولڕەحمان قاسملوو» پێشکەشی بەشداربووان کرا . پاشان «دیاکۆ مەسعوودی» کادری بەشی ئامووزشی دەزگای فەرماندەیی سەبارەت بە ڕۆڵ و کەسایەتیی ئەو ڕێبەرە مەزنە چەند وتەیەکی پێشکەش کرد.



# ڕێوڕەسمی کۆتاییهاتنی دەورەی ٢٥٧ی سەرەتایی پێشمەرگە بەڕێوە چوو




ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٥ی پووشپەڕی ١٤٠١ی هەتاوی، ڕێوڕەسمی کۆتاییهاتنی دەورەی ٢٥٧ی سەرەتایی پێشمەرگە بە بەشداریی کۆمەڵێکی بەرچاو لە کادر و پێشمەرگە و مامۆستایانی فێرگەی فەرماندەیی هێزی پێشمەرگە بەڕێوە چوو.

سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی «ئەی ڕەقیب» و ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێ کرد. دواتر «هیوا میرزایی» سەرپەرستی دەزگای پەروەردە بەو بۆنەوە چەند وتەیەکی پێشکەش بە بەشداربووان کرد. پاشان ڕاپۆرتی پەروەردەیی فێرگە لەلایەن «سەروەر مەعرووفی» شورای دەورەوە پێشکەش کرا.

لە بەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا سروودێک کە لەلایەن بەشداربووانی فێرگە ئامادە کرابوو، پێشکەش کرا.

بەشداربووانی دەورە بەبۆنەی کۆتاییهاتنی دەورەکەیان پەیامێکیان ئامادە کردبوو کە لە بڕگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا لەلایەن بەشداربووی دەورە «سەردار کۆماسی» خوێندرایەوە.

لە بەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا نەفەراتی یەکەم لە بواری تاقیکارییە سیاسی و نیزامییەکان و سێ نەفەری یەکەم لە بواری پاراستنی نەزم و دیسیپلینی فێرگە خەڵات کران کە بە ڕێز لەلایەن «فەیزوڵڵا ڕووحانی» و «ئاسکە حەسەنزادە» بەرپرسی کۆمیتەی زاگرۆس، خەڵاتەکانیان پێشکەش کرا.

لە بەشێکی دیکەدا «عوسمان ڕەحمانی» بەو بۆنەوە سروودێکی پێشکەش بە بەشداربووانی ڕێوڕەسمەکە کرد.

لە کۆتاییدا دەسخۆشی و ماندوونەبوونی لە هەموو ئەو کەس و ئۆرگانانە کرا کە لە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمەکەدا یارمەتیدەر بوون.

# پێشمەرگەیەکی دێرینی حیزبی دێموکرات لە کۆیە کۆچی دوایی کرد



ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٦ی پووشپەڕ، کاک «عەزیز خۆشنەواز» ناسراو بە عەزیز (شائابادی) پێشمەرگەی دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کوڕی کاک «بەهرام» خەڵکی شاری «شائاباد»ی پارێزگای کرماشان بەهۆی پیری لە تەمەنی تەمەنی ٨٢ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

کاک «عەزیز خوشنەواز» لە شاری «شائاباد»ی پارێزگای کرماشان لەدایک بووە و ساڵی ١٣٥٩ لە ناوچەی «بێڵەوار»ی کامێران پەیوەندی بە کۆمیتە شارستانی کرماشان و هیزی «بێستوون»ـەوە دەگرێ و وەک هاوکارێکی دڵسۆزی کۆمیتەی کرماشان لە ناوچەی شائاباد چالاکی حیزبی دەست پێ دەکات و بڵاوکراوەکانی حیزبی لەو ناوچەیە بڵاو دەکاتەوە.

دواتر بەهۆی نەبوونی دەرفەتی تێکۆشانی سیاسی و تەشکیلاتی دەگەڕێتەوە هێزی بێستوون و کۆمیتەی شارستانی کرماشان، بە فەرمی دەبێتە پێشمەرگە و چەکی شۆڕش و بەرخودان هەڵدەگرێت.

ناوبراو لە ماوەی پێشمەرگایەتیدا لە هێزی بێستوون وەک پێشمەرگەیەکی ئازا و بەجەرگ شان بە شانی هاوسەنگەرانی لە هێزی بێستوون بەرگری لە سەروەریی نەتەوە و نیشتمانەکەی دەکات.

کاک «عەزیز» وەک پێشمەرگەیەکی نموونە لە بواری نەزم و دیسیپلین خوی دەردەخات و لە زۆربەی شەڕەکانی ناوچەی کامێران و کرماشان بەشداری چالاکانە دەکات.

ناوبراو ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی نەقڵی کۆمیتەی شارستانی مەریوان و هێزی زرێبار بوو و لە هێزی زرێباریش وەک پێشمەرگەیەکی دڵسۆز وفیداکار، ئەرکی پیرۆزی خۆی بەباشی بەڕێوە برد و بوو بە خۆشەویستی هاوسەنگەرانی لە هێزی زرێبار. کاک «عەزیز» سەرەڕای ئەوەی تەمەنی لە زۆربەی پێشمەرگەکان لەسەرتر بوو بەڵام بۆ بەجێ گەیاندنی هەموو ئەرکێکی حیزبی لە هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانی دیکەی قەت بەجێ نەما و ماندوویی نەناسانە خەباتی درێژە دەدا. ساڵی ١٣٦٥ بەهوی گۆڕانی بارودۆخی ناوچە و قۆناغی خەباتی شەڕی پارتیزانی کاک عزیز لە بنکەی دەفتەری سیاسی لە هێزی سامرەند ئەرکی خۆی بەڕێوە دەبرد.

کاک «عەزیز» هەتا کاتی دوا ماڵاوایی لە هێزەکانی دەورووبەری دەفتەری سیاسیی حیزب ئەرکی خۆی بە باشی بەڕێوە برد.

ناوبراو لە ڕێکەوتی ١٦ی پووشپەڕ لە هێزی ١٢٧ی فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ هەمیشە چاوەکانی لێکنا و لە ڕێگای نەتەوە و نیشتمانەکەیدا شەهید بوو.

تەرمی کاک «عەزیز خۆشنەواز» لەنێو ئاپۆرای هاوسەنگەرانیدا لە گورستانی شەهیدانی حیزبی دێموکرات بە خاکی پیرۆزی کوردستان ئەسپێردرا.

# پێشمەرگەیەکی دێرینی حیزبی دێموکرات کۆچی دوایی کرد



ڕۆژی دووشەممە ٢٧ی پووشپەڕی ١٤٠١ی هەتاوی، پێشمەرگەی دێرین و قارەمانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کاک ‹‹ڕۆستەم ڕۆستەمی›› کوڕی ‹‹محەممەد ئەمین›› خەڵکی گوندی ‹‹تەشار›› سەر بە ناوچەی نەوسوود لە تەمەنی ٧٤ ساڵیدا بەهۆی نەخۆشی ماڵاوایی لە ژیان کرد.

کاک ‹‹ڕۆستەم ڕۆستەمی›› لە سەرەتای شورشی گەلانی ئێراندا پەیوەست بە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بووە و لە هێزی ‹‹شاهۆ›› لە ناوچەی هەورامان سازمان درا.

کاک ڕۆستم لە ماوەی ٤٢ ساڵ خەبات لەپێناو ڕزگاریی نیشتمانەکەی سەرەڕای هەوراز و نشێوی زۆر لەو ڕێگایەدا ئیرادە و بیر و باوەڕی هەر زیاتر دەبوو.

کاک ڕۆستەم وەک پێشمەرگەیەکی ئازا و قارەمان لە زۆربەی شەڕەکانی ناوچەکانی هەورامان، مەریوان و سنە بەشداریی هەبووە؛ یەک لەوان شەڕی بەناوبانگی ‹‹کوچکە چەرموو›› کە فەرماندەی قارەمان ‹‹سالار ئیبراهیمی›› تێیدا شەهید بوو و چالاکانە بەشداریی هەبوو.

ماڵی ناوبراو بەردەوام وەک بنکەیەکی حیزبی جێگای حەسانەوەی پێشمەرگەکان بووە.

کاک ڕۆستەم ماوەیەک لە قەندیل ئەرکی شۆفیری بەڕێوە بردووە. پاشان ماوەیەکی زۆریش لە فێرگەی سیاسی – نیزامی ئەرکی بەڕێوە بردووە و دواتریش لە بەشی ماڵی و لە بەشی خەدەماتدا هەڵسورانە کار و باری حیزبی ڕاپەڕاندووە.

تەرمی ناوبراو لە گۆڕستانی شەهیدانی حیزبی دێموکرات لە شاری کۆیە لەنێو ئاپۆڕای هاوسەنگەرانیدا بە خاک ئەسپێردرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشی بنەماڵە و کەسوکاری کاک ڕۆستم و هەموو خەڵکی ناوچەی نەوسوود دەکات و خۆی بە هاوبەشی خەمیان دەزانێت.

# شاندێکی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات لە پرسەی کاک «کەریم ئەحمەد» بەشداریی کرد




شاندێکی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستیی «محەممەدنەزیف قادری» جێگری دووەمی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات لە پرسەی کاک «کەریم ئەحمەد» سکرتێری پێشووی حیزبی شیوعیی کوردستان لە شاری هەولێر بەشدارییان کرد.

شاندی حیزب پەیامی هاوخەمی و سەرەخۆشیی حیزبی دێموکراتیان بە سەرکردایەتیی حیزبی شیوعی ڕاگەیاند.

هەروەها دوانیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٣ی پووشپەڕ شاندێکی پەیوەندییە کوردستانییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستیی «محەممەدساڵح قادری» بەشدارییان لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی کاک «کەریم ئەحمەد» سکرتێری پێشووی حیزبی شیووعیی کوردستان لە شاری هەولێر کرد.

لەو ڕێوڕەسمەدا وێڕای سەرکردایەتی حیزبی شیووعیی کوردستان، نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و چەندین حیزب و لایەنی سیاسی و خەڵکی نیشتمانپەروەر بەشدار بوون و پەیامی هاوخەمیی خۆیان بەو بۆنەوە پێشکەش کرد.

لە ڕیزبەندی پەیامەکاندا ئاماژە بە پەیامی هاوخەمی «مستەفا هیجری» لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کرا کە بەو بۆنەوە سەرەخۆشی لە سەرکردایەتیی حیزبی شیووعیی کوردستان کردبوو.

کاک «کەریم ئەحمەد» سکرتێری پێشووتری حیزبی شیوعیی عێراق و کوردستانە کە لە تەمەنی ١٠٠ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد و نزیکەی ٨٠ سال لە تەمەنی بۆ خزمەتی بزووتنەوەی چەپ و ڕزگاریخوازیی نیشتمانی لە عێراق و باشووری کوردستان تێپەڕاند.

ناوبراو کەسایەتییەکی خاوەن پێگەی دیاری سیاسی و دۆستی نزیکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو.

# شاندێکی حیزبی دێموکرات لە ڕێوڕەسمی پێشوازیکردن لە تەرمی کاک «عەلی قازی» بەشداریی کرد



پێشنیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ٢٧ی پووشپەڕی ١٤٠١ی هەتاوی، شاندێکی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستیی «حەسەن شەرەفی» جێگری یەکەمی لێپرساوی گشتیی حیزب، لە ڕێوڕەسمی پێشوازیکردن لە تەرمی کاک «عەلی قازی» لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی «هەولێر» بەشدارییان کرد.

لەو ڕێوەڕەسمەدا شاندی حیزب تاجەگوڵێنەی ڕێز و وەفایان لەسەر تەرمی کاک «عەلی قازی» دانا.

ئەو ڕێوڕەسمە بە ئامادەبوونی «نێچیرڤان بارزانی» سەرۆکی هەرێمی کوردستان و ئەندامانی بنەماڵەی کاک «عەلی قازی» و نوێنەرانی پارلمانی کوردستان و حیزب و لایەنە سیاسییەکان و دامودەزگاکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێوە چوو.

لە ڕێوڕەسمەکەدا شاندی حیزب هاوخەمی و سەرخۆشیی حیزبی دێموکراتیان بە ئەندامانی بنەماڵەی کاک «عەلی قازی» ڕاگەیاند و لەگەڵ پێشوازی و پێزانینی گەرمی بنەماڵەی «قازی» بەرەوڕوو بوون.

کاک «عەلی قازی» ناسراو بە «کوڕی ڕەش»، تاقانە کوڕی «پێشەوا قازی محەممەد» دامەزرێنەری حیزبی دێموکرات و سەرکۆماری کوردستان بوو کە لە تەمەنی ٨٩ ساڵیدا بەهۆی نەخۆشی لە وڵاتی «ئالمان» کۆچی دوایی کرد.

تەرمی کاک «عەلی قازی» لەسەر ئەرکی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان گەیەندرایە کوردستان و لە گۆڕستانی «کەلار»دا بەخاک ئەسپێردرا.

# هزری دوکتور قاسملوو،
# فەلسەفەیە بۆ ژیانێکی ئازاد و سەربەست



**حیسام ئەحمەدی**

هزری دوکتور قاسملوو فەلسەفەیە، هەتا زیاتر دەیخوێنیتەوە ئاسۆی ڕوانینت ڕوونتر و بەرفراوانتر دەکات. وشیاری زیاترت پێ دەبەخشێت و لەگەڵ واقعی خۆت و ژینگەیەک کە هیواکانتی تێدا دەڕوێن ئاشناتر دەبیت، ئۆگری زیاترت پێدەبەخشێ بۆ تێگەیشتن لە مرۆڤایەتی، لە ئازادی، لە شوناسی خۆت و نەتەوەکەت. ئەو فەلسەفەیە لە سەر ئەساسی ژیانێکی ئازاد، پاراستنی کەسایەتی تاک و کۆ، ڕێگریکردن لە چەوسانەوەی مرۆڤ بە دەستی مرۆڤ، هەبوونی مافی دیاریکردنی چارەنووس وەک مافێکی ڕەوا بۆ نەتەوە چەوساوەکان، دژایەتی هەر چەشنە کردەوەیەکی تێرۆریستی و ڕەشەکوژی و.... خۆی دەنوێنێت بەڵام دیسان و دوای خوێندنەوەیەکی قووڵ، مرۆڤ هەست دەکات هێشتا زۆر کەمی لەسەر دەزانێت و مەودایەکی زۆری ماوە بۆ ئەوەی پانتایی هزر و ڕامانی دوکتور قاسملوو بناسێت.

لە هزری دوکتور قاسملوودا، فەلسەفەیەک دژ بە تاریکپەرەستی دەدرەوشێتەوە، فەلسەفەیەک دژ بە هەموو ئەو عورف و عادەت، فکریەت و ئایدیۆلۆژییانەی کە بۆ دەستەمۆکردنی تاک و کۆی خەڵکی کوردستان و لەڕاستای بە کۆیلەکردنیان گیراونەتە بەر، فەلسەفەیەک کە مرۆڤی کورد بە هەموو جیاوازییەکانییەوە لە یەک گرێ دەدات و شوناسی هاوبەشیان بۆ دەکاتە ئەرکێکی ئینسانی، ئەخلاقی و نەتەوەیی، بۆ ئەوەی بتوانن ژیانێکی ئازاد و گەشەسەندوو بنیات بنێن.

دوکتور قسملوو ڕێبەرێکی ئاکادێمیک بوو کە تا هەنوکەش دەتوانین بڵێین، کەس لە نێو ڕێبەرانی کورددا نەیتوانیوە پرسی کورد و خواستەکانی، هاوشێوەی ئەو لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بخاتە ڕۆژەڤەوە و ئەرک لە لای کەسایەتییە سیاسی و حقوقییەکانی بیانی دروست بکات بۆ پشتیوانی لە پرسی ڕەوای نەتەوەی کورد، بەو واتایە کە پرسی کورد لە هەرکام لە بەشەکانی کوردستاندا پرسێکی نێوخۆیی نییە (بەو شێوە کە داگیرکەران ناوی دەبەن) بەڵکوو پرسێکی حقوقی و سیاسییە کە پەیوەندیدارە بە چەوسانەوە و بێبەریکردنی نەتەوەیەک لە مافە ڕەواکانی، بۆیە ئەرک دەخاتە سەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ کۆتاییهێنان بە ستەمی داگیرکەر. ( مەبەست لێرەدا ورووژاندنی پرسی کورد بە شێوازێکی ئاکادیمیک و بە کەڵکوەرگرتن لە یاسا نێودەوڵەتییەکانە کە لە ڕاستای پشتیوانی لە مافی گەلانی ئازادیخواز پەسەند کراون).

دوکتور قاسملوو ڕێبەرێکی واقعبین بوو، کە پێی وابوو ڕزگاری نەتەوەی کورد لە کوردستان بەرهەمی خەباتێکی وشیارانە دەبێت (وشیاری بە مانای ناسینی خۆت وەک نەتەوە و تێگەیشتن لەو ژیانەی کە ئازادی و سەربەستی تێیدا وەک ئەسڵێکی جێگیرکراو بوونی هەبێت) و گەشەسەندنی ڕێژەی ئەو وشیارییە لە نێو خەڵکی کوردستاندا، ڕێژەی دەستەبەربوونی ئازادییەکانی و شکڵی دیاریکردنی مافی چارەنوسیان دەستنیشان دەکات.

لەو پەیوەندییەدایە کە دوکتور قاسملوو زۆر جار لە وتووێژەکانیدا سەبارەت بە دیاریکردنی مافی چارەنوسی نەتەوەی کورد بە سەراحەت باس لەوە دەکات کە «ئێمە لە ئێستادا داوای خودموختاری دەکەین، بەڵام نەسڵی داهاتوو خۆیان دیاری دەکەن کە چ شێوەیەک لە دیاریکردنی چارەنووس بۆ خۆیان هەڵدەبژێرن». هاوکات «ئیمانوئێل کانت» فەیلەسووفی بەناوبانگی ئاڵمانی کە تا هەنووکەش بۆچوون و ڕوانگەکانی لە سەر کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان و مرۆڤایەتی بەگشتی شوێندانەرن، دەڵێ: «وشیاری بریتییە لە دەربازبوونی مرۆڤ لە هەموو ئەو نەهامەتی و خۆبەکەمزانیانەی کە مرۆڤ خۆی بەسەر خۆیدا هێناون».

ناوبراو بەو پێناسەیە کە لە سەر «وشیاری /ڕۆشەنگەری» کردوویەتی، تەئکید لە سەر ئەوە دەکاتەوە کە هەموو گۆڕانکارییەکی ئەرێنی لە ژیانی مرۆڤدا بە گەیشتن بە وشیاری دەست پێدەکات.

بەسەرنجدان بەو واقعە دوکتور قاسملوو گرینگیدان بە پەروەردەیەکی دروست بە ئەرکێکی بەردەوام بۆ خۆی و حیزبی دێموکرات وەک حیزبێکی پێشڕەوە دەزانێت بۆ ئەوەی شوێندانەری لەسەر گەشەسەندنی فکری و سیاسی خەڵکی کوردستان دابنێت.

ئەو چەند خاڵە بەشێکن لە هەوڵەکانی دوکتور قاسملوو لەو ڕاستایەدا:

- دانانی بەرنامەیەکی مۆدێرن بۆ حیزبی دێموکرات و دەستنیشانکردنی ئامانجی دوارۆژی حیزب وەک ئامرازێک بۆ خزمەت بە خەڵکی کوردستان.
- شرۆڤەکردنی بەردەوامی خواستەکانی خەڵکی کوردستان و هەبوونی مافی ئازادی و ژیان هاوشێوەی کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان و لە سەر ئەساسی سیستمێکی دێموکراتیک.
- پێداگری لەسەر کەسایەتی سەربەخۆی تاک و ڕێگەنەدان لە بەمۆرەکردنی، لەو پەیوەندییەدا دەڵێت: «مرۆڤ دەبێ ئازاد بێت، نابێ ڕێگە بدرێت بکرێت بەمۆرە، بۆ ئەوەی ببێتە شەخسییەتێکی موفید بۆ کۆمەڵگا». ئەو بۆچوونەی دوکتور قاسملوو لە زۆر ڕەهەندەوە هاوتەریبی بۆچوونەکانی «کارل مارکس» فیلسوفی ئاڵمانییە کە ڕەخنە لە چینی بورژوا و سیستمی سەرمایەداری لەهەمبەر کەڵکی ئامرازی لە مرۆڤ دەگرێت، ئەو پێی وایە کە ئەو شێوە کەڵکوەرگرتنە لە مرۆڤ «دەبێتە هۆی بێگانەبوونی مرۆڤ لە خۆی»، بەو واتایە کە دەبێتە ئامرازێک کە کەسایەتی خۆی لێ زەوت دەکرێت و وەک قوربانییەک بۆ دەستەبەربوونی بەرژەوەندی کەسانی تر بەکار دەهێنرێت.
- دێموکراتبوون وەک ئەسڵێکی گرینگ لە ژیان و خەباتی نەتەوەی کورددا.

دوکتور قسملوو دێموکراتێکی ڕاستەقینە بوو کە پێی وابوو کە کورد وەک نەتەوەیەکی ڕزگاریخواز نابێ مافەکانی خۆی لە قاڵبی ناسیۆنالیستێکی بەرچاوتەنگ، شوڤێنیست یان فاشیستبووندا پێناسە بکات، چونکە لەو حاڵەتەدا جیاوازییەک لە نێوان ئێمە وەک نەتەوەی کورد و داگیرکەراندا (لە باری فکرییەوە) نابێت، بەڵکوو پێویستە دێموکرات بین و تەنیا شتێک کە دەتوانێ ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان بپارێزێت دێموکراسییە.

لەو پەیوەندییەدا زۆرجار باس لەوە دەکات کە «خراپترین دێموکراسی پێ لە باشترین دیکتاتۆری باشترە».

- هەبوونی یەکسانی لە ئەرک و مافدا.

بەو واتایە کە ئەو یەکسانییە دەرفەت بۆ تاک و کۆی خەڵکی کوردستان و هەموو پێکهاتەکان دەخولقێنێت کە هەم خزمەتەکانی خۆیان لە ڕاستای گەشەسەندی کۆمەڵگای کوردستان بخەنە گەر، هەم هەستی خاوەندارییەتی لای هەموو تاکێکی کورد لە هەمبەر داهاتووی کورد دروست دەکات؛ بەڵام هاوکات پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە یەکسانی بە بێ دادپەروەری کۆمەڵایەتی ئەسڵێکی ناتەواوە کە شوێندانەری خراپ لەسەر کۆمەڵگای کوردستان و خەباتی نەتەوایەتی کورد دروست دەکات، یان بەجۆرێک کە ڕێگای گەیشتنی کۆمەڵگای کوردستان بە کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو دوورتر دەکات.

ئەگەر لێرەدا بەشداری ژنان لە کاری سیاسی و خەباتی نەتەوایەتی بە نموونە بێنینەوە، تەنیا هەبوونی مافی یەکسانی لە نێوان ژنان و پیاواندا ناتوانێ دەرفەت بۆ گۆڕانێکی بنچینەیی لە کۆمەڵگای کوردستاندا پێک بێنێت، بەڵکوو بە سەرنجدان بە هەموو ئەو کۆسپانەی دەرفەتی ژنانیان لەو کارەدا کەمڕەنگ کردووە، پێویستە دادپەروەری دەرفەتی زیاتر بۆ ژنان بخولقێنێت تاکوو ڕۆڵیان کەمتر لە پیاوان هەست پێنەکرێت.

واقعبینی دوکتور قاسملوو لە سەرجەم بڕگەکانی خەباتی سیاسی و شۆڕشگێڕانەی ئەودا ڕەنگ دەداتەوە و پێی وایە کە کوردستان وەک نیشتمانێکی داگیرکراو و لەژێر سیاسەتی داگیرکەراندا دەرفەتی گەشەسەندنی نەبووە، بۆیە لە قاڵبی کۆمەڵدا هێڵدراوەتەوە.

«کۆمەڵ» بەو واتایە کە ژیانی خەڵک لە هەموو ڕوویەکەوە لە قۆناغێکی دواکەوتوانەدایە و عورف و عادەت، ئایین، شەخسپەرەستی، سیستمی هۆز و عەشیرە و...، کاریگەری بەرچاویان لەسەر پەیوەندی کۆمەڵایەتی خەڵک و داهاتووبینییان هەیە، ژیانی ئابووریی خەڵک و کەرەستەکانی دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیان لە دۆخێکی زۆر سەرەتاییدایە و بەگشتی خواستەکانیش لە کۆمەڵێک بەو تایبەتمەندییەوە، خواستێکی بچووک و شوناسیش لە قالبی نەتەوە بۆ قالبی تایفە، عەشیرە، هۆز و شاردا دەمێنێتەوە.

لێرەدایە کە دوکتور قاسملوو هەموو هەوڵی خۆی لە حیزبی دێموکراتدا دەخاتە گەڕ بۆ ئەوەی کۆمەڵی کوردەواری بەرەو «کۆمەڵگا» بگۆڕێت.

ئەو هەوڵەی دوکتور قاسملوو چ لە ئاستی نێوخۆیی حیزب و چ لە ئاستی کوردستانیشدا بە چڕی ڕەنگ دەداتەوە. دوکتور قاسملوو لە خۆیەوە دەست پێدەکات و پێش هەموو شتێک ڕەخنە لە کلتوری شەخسپەرەستی دەگرێت و ڕێگە نادات وێنەکانی لە بارەگاکانی حیزبدا هەڵبواسرێن، لە کۆڕوکۆبوونەوە حیزبییەکاندا، کورسییەکی تایبەت و شوێنێکی جیاواز بۆ خۆی وەک سکرتێری حیزب بە دائیمی نازانێت و بە کردەوە لە نێو کۆڕی ئەندامانی حیزبدا دەردەکەوێت. لە میتینگەکانی حیزبی دێموکرات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (مەهاباد) دا و کاتێک خەڵک دروشمی «بژی قاسملوو» دەڵێنەوە، ڕێگرییان لێدەکات و پێیان دەڵێ ئەگەر قەرارە دروشمێک بدرێت ئەوە «بژی حیزبی دێموکراتە نەک بژی قاسملوو».

ئەو هەڵسوکەوتانەی دوکتور قاسملوو دەتوانین وەک چاندنی کلتوورێکی مۆدێرن کە خەڵکی کوردستانی پێ لە دواکەوتوویی ڕزگار دەبێت نێو ببەین. ئەو هەوڵانەی دوکتور قاسملوو لەلایەک توانی بە خۆشەویستی ئەو لە نێو خەڵکی کوردستاندا زیاد بکات و لەلایەکی تریش ئەرکێکی قورسی خستە سەر شانی حیزبی دێموکرات بۆ ئەوەی لە خەباتدا تووشی دووبارەکردنەوەی هەڵە نەبێت و لە ڕەوتی گەشەپێدانی کۆمەڵگای کوردستاندا ڕۆڵی خۆی لەدەست نەدات.

دوکتور قاسملوو بە لەمپەڕبوونی لەبەردەم کلتووری «شەخسپەرەستی»دا توانی بەرگێکی نوێ بە بەر بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بکات. ئەو لەگەڵ ئەوەی لە خەباتی سیاسی شۆڕشگێڕانەیدا داهێنەر و کاریزما بوو، بەڵام بە ئەزموونوەرگرتن لە مێژووی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد و مەترسی تێرۆریزمی ڕێژیمە داگیرکەرەکان لە سەر ڕێبەرانی کورد، باش لە خەساری بزووتنەوەیەک کە گرێدراو و وابەستە بێت بە کەسێکی کاریزما تێگەیشتبوو، هەر بۆیە هەموو هێز و توانای خۆی لە پێگەی حیزبێکی مۆدێرنی وەک حیزبی دێموکراتدا ڕەنگ پێدەدایەوە، بۆ ئەوەی کلتووری ڕێبەری جەمعی و کاری بەکۆمەڵ ببێتە سەکۆیەک بۆ وڵامی داخوازیی و چاوەڕوانییەکانی خەڵکی کوردستان.

هەروەک لە دەستپێکدا ئاماژەی پێدرا، هزری «دوکتور قاسملوو» فەلسەفەیە بۆ تێگەیشتن «لە ژیانێکی ئازاد و دەستەبەربوونی کەسایەتییەکی سەربەست» کە مرۆڤ بتوانێ هەست بە بوونی خۆی و شوناسی ڕاستەقینەی خۆی بکات، بە بێ ئەوەی مەترسی لەسەر ژیانی دروست بێت؛ لێرەدایە کە تێدەگەین ئامانجی ڕێژیمی تێرۆریستپەروەری ئیسلامی ئێران لە شەهیدکردنی دوکتور قاسملوو، ترس لە هزری ئەو بوو، کە لەڕاستیدا شۆڕشێکی فکری و جەماوەری لە نێو خەڵکی کوردستاندا وەڕێ خستبوو؛ شۆڕشێک کە لەسەر ئەساسی وشیاری نەتەوەیی و ئامانجە دێموکراتیکەکانی کۆماری کوردستان هەنگاوەکانی خۆی دانا.

ئەمڕۆ و دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە سێ دەیە بەسەر تێرۆری «شەهید دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی» لە لایەن ڕێژیمی تێروریستپەروەری ئیسلامیی ئێران، دەبینین کە هەنوکەش تیشکی هزری قاسملوو لە ڕێبازی دێموکرات و بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد لە ڕۆژهەڵاتدا دەدرەوشێتەوە و ڕۆژهەڵات و خەباتە ڕەواکەی بەرەو ئاسۆی سەربەستی و ڕزگاری دەبات.

**هزری «دوکتور قاسملوو» فەلسەفەیە بۆ تێگەیشتن**
**«لە ژیانێکی ئازاد و دەستەبەربوونی کەسایەتییەکی سەربەست»**
**کە مرۆڤ بتوانێ هەست بە بوونی خۆی و شوناسی ڕاستەقینەی خۆی بکات، بە بێ ئەوەی مەترسی لەسەر ژیانی دروست بێت؛ لێرەدایە کە تێدەگەین ئامانجی ڕێژیمی تێرۆریستپەروەری ئیسلامی ئێران لە شەهیدکردنی دوکتور قاسملوو، ترس لە هزری ئەو بوو، کە لەڕاستیدا شۆڕشێکی فکری و جەماوەری لە نێو خەڵکی کوردستاندا وەڕێ خستبوو؛ شۆڕشێک کە لەسەر ئەساسی وشیاری نەتەوەیی و ئامانجە دێموکراتیکەکانی کۆماری کوردستان هەنگاوەکانی خۆی دانا**

## دیار زاگرۆس

# سەیمەرە ڕووبارێک لە شارستانییەت

**پژمان شەریعەتی**

هەرێمی زاگرۆس بەدرێژایی مێژوو شوێنی سەرهەڵدانی چەندین شارستانییەت بووە و بەشێک بووە لە مێژووی ناوچەکە و جیهان کە نەتەوەی کورد هەزاران ساڵە لەو ناوچەیە نیشتەجێیە و لەڕاستیدا دەتوانین بڵێین کە زاگرۆس نیشتمانی کوردانە.
سروشت و ژینگەی کوردستان لە بواری سەرچاوە ژێرزەوینی و بانزەوینییەکان لە ناوچەی ڕۆژهەڵات ناوەڕاستدا نەک کەموێنە بەڵکوو بێوێنەیە و یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی «ئاوە»؛ بە شێوازێک کە لە کولتور و مێژووی کوردەواریدا ئاو و سروشت بە واتای ژیان و مانەوە دێن و لە پێش موسوڵمانبوون، کورد خاونی خواوەندی ئاو و ژیان بووە.
بە شێوازێکی دیکە لە ڕوانینی فەلسەفی و عەقڵیەتی کوردەوە سروشت وەکوو هەندێک لە نەتەوەکانی دیکەی جیهان ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت و سەرچاوەی شارستانیەتی کوردە و هەتا ئەمڕۆش کورد لە پێناسەکردنی خۆی یەکێک لەو خاڵانە کە دەستی بۆ دەبات و وەکوو ناسنامە بەکاری دەهێنێت سرووشتی کوردستانە.
لە ئاسەوارە مێژووییەکانیش لە ١٠ هەزار ساڵی ڕابردووە هەتا ئێستا بە باشی بۆمان دەردەخات کە توخمەکانی ئاو و ئاگر و خاک بەشێکی سەرەکین لە ناسنامەی کوردی و وەکوو نموونە لەم سەردەمەیشدا ئیزدییەکانی کوردستان، بە ڕێزێکی تایبەتەوە لەگەڵ سروشت دەجوڵێنەوە و لە بۆنە ئایینییەکانیاندا تا ئاستی پەرەستش ڕێز لە ژینگەی کوردستان دەگرن و مانەوەی خۆیان بە مانەوەی سروشتەوە گرێ دەدەنەوە.
داگیرکەرانی کوردستان بە بەردەوامی و بەدرێژایی مێژوو بە چاوی تەماح و تاڵانەوە ڕوویان لە کوردستان کردووە و لەم سەردەمەیشدا کە پرسی وزە لە جیهاندا ڕەوتی نوێی بە خۆوە گرتووە و قەیرانی وشکەساڵی و کەمبوونی ئاوی جیهان، وای کردووە کە جیهان بەرەو شەڕێکی ئێکۆلۆژیک بڕوات، ئێمەی کورد خەریکین تووشی گەورەترین خەسار دەبین.
لەم ڕۆژانەدا ڕووباری سەیمەرە کە لە پارێزگاکانی کرماشان و ئیلام و لوڕستان تێپەڕ دەبێت و تا دەگاتە باشووری ئێران درێژەی هەیە، وشک بووە.
وشکبوونی ڕووباری سەیمەرە، ئەو پەیامەمان پێ دەدات کە مێژوو و کولتوور و مانەوەمان کراوەتە ئامانج و لە شەڕی نەخوازراوی ئێکۆلۆژیک کە بەسەرماندا سەپاوە تووشی خەسار دەبین.
سەیمەرە کە بەشێکی سەرەکی لە شارستانیەتی کورد و لوڕ پێک دەهێنێت و بە هەزاران ئاسەواری مێژوویی وەکوو ناسنامەی نەتەوەییمان لە قەراخی ئەم ڕووبارە دوزرانەتەوە و لە ئەدەبیاتی کوردیشدا سەیمەرە وەکوو شوێنی ژیان ناوی لێ دەبردرێت، ئێستا گیانی خەریکە لەدەست دەدات، واتە بنچینەکەمان لە حاڵی ڕووخاندایە.
گواستنەوەی ئاوی کوردستان و بەنداوسازییە ناکارناسانەکان لە ڕاستای تاڵانکاری بە عەقڵیەتێکی فاشیستی و سیاسەتێکی کۆلۆنیالیستی هۆکاری سەرەکی وشکبوونی ڕووبارەکان و سەرچاوە ئاوییەکانی کوردستانە و داگیرکەران بەو هیوایەن کە بیاوانەکانی ناوەڕاستی ئێران بە ئاوی کوردستان ئاوەدان بکەنەوە.
ئەم گێچەڵە تەنیا تایبەت بە پارێزگاکانی کرماشان و ئیلام و لوڕستان نییە، بەڵکوو هەموو زاگرۆس کراوەتە ئامانج و لەڕاستیدا ژیان لە ژێر هێرش و مەترسیدایە.
کانی و ڕووبارەکانی زاگرۆس کە هەزاران ساڵە خرۆشانن و بە تافەوە ژیان دەبەخشن لە حاڵی لەنێوچوندان و لەڕاستیدا دەبێ بڵێین لەنێویان دەبەن، ئەو کانیانەی کە سەردارانی کورد بە ئاوی ژیانبەخشی خاکی کوردستان تێراو دەبوون و لەم وڵاتە پارێزگاریان دەکرد و دەیکەن، خەریکن وشک دەبن؛ ئەو ڕووبارانەی کە وانەی بەردەوامی و خرۆشانیان داوە بە کورد خەریکن ڕادەوستن، ئەمەیە قووڵایی ئەو کارەساتانەی کە خەریکە بەسەر ئێمەی کورددا دێت.
لێرەدا تەنیا ئامانج لەنێوبردنی سروشت نییە، بەڵکوو بە لەنێوبردنی سروشتی کوردستان، باوەڕەکان و عەقڵیەت و مێژوو و کولتورمان لەنێو دەچێت و دەبێ ئەوە بزانین کە لە گشتییەتی خۆیدا پێناسەمان کراوەتە ئامانج.
ئەمانە خەسارگەلێکن کە لە جەستەی کوردستان دەدرێت و زامگەلێکن کە بەردەوامبوونیان ڕێگای ساڕێژکردن ناهێڵنەوە و ڕووبارێک وەکوو سەیمەرە کە لە گاماسیاوی دینەوەر پێتەختی ئەندێشمەندانی کوردەوە سەرچاوە دەگرێت و دەرژێتە کەشکانی مێژوویی کە هەزاران ساڵ داگیرکەران نەیانتوانی لێی تێپەڕ بن خەریکە لەنێو دەچێت.
ئەوەیکە ڕوونە تەنیا ڕێگەچارە بۆ ڕزگاربوون لەم دۆخە و ڕزگارکردنی ئاووخاکەکەمان لە داگیرکاری، یەکگرتنی کوردە! دەبێ هەموومان وەکوو ڕووبارەکانی کوردستان بە تافەوە ئەوەی ناپاکی بێت بیشۆینەوە و بە هروژمی خرۆشانەوە داگیرکەران ڕاماڵین و لە بەرزایی شاخەکانی کوردستانەوە سرودی مانەوە و ژیان بخوێنینەوە.

# چاوبرسییەتی داگیرکەر بۆ خاکی کوردستان (ماکۆ)

**ئاکۆ عەلیزادە**



**پێشەکی :**
خاکی کوردستان بەهۆی بەپیتبوونی و هەروەها هەبوونی لەوڕگە و کانزاکانی ژێرزەوی، هەبوونی ئاوی خواردنەوە و دارستانەکان هەمیشە بۆتە ئامانجی دوژمنان و نەیارانی کورد و چاوی تەماحیان لەسەر لا نەبردووە هەر بەو هۆیەوە بە درێژایی مێژوو لە هەوڵی داگیرکردن و گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچە کوردنشینەکاندا بوون و لە هیچ هەوڵێک بۆ ئەو پلانانە درێغییان نەکردووە و چاویان تێر نەبووە. زۆرێک لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی تورکیا و عێراق سنووریان هەیە و خەڵک بژێویی ژیانیان لە ڕێگاگەلێکی جۆراوجۆر لەو سنوور و ناوچە کوێستانییانە دابین دەکەن؛ بەڵام مخابن کە دەستی زۆرداران ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر تامەزرۆی ئەو ناوچانەیە و بە هێنان و هاوردەکردنی خەڵکی دیکە دەیانهەوێ بۆ هەمیشە بەڵگەی خاوەنداریەتی کوردستان واژۆ بکەن و ئێستاش چاویان بە ماکۆ کەوتووە. هەرچەند ئەو هەوڵانە پێشتریش هەبوونە و ڕێژیم سیاسەتی گۆڕینی دیمۆگرافیا لە هێندێک شاری وەک نەغەدە، سایینقەڵا، میاندواو و ... هتد پیادە کردووە بەڵام هەرگیز بە زۆرداری ناتوانێ خاوەنداریێتی خاکی کورد بکا و ئەوە تا سەر بۆ ئەو وەڵامدەر نییە.

**تەوەر :**
لە ڕۆژانی ڕابردوودا گرتەیەکی ڤیدیۆیی بڵاو کرایەوە کە تێیدا ژنێکی تورک لەسەر شەقام باس لەوە دەکا، کوردەکان پاڵپشتی لە حیزبی پەژاک دەکەن و پەنایان پێدەدەن و ماڵەکانیان بنکەی ئەوانە .
ئەوەش کارێکە کە ڕێژیم لە لایەن مۆرەکانییەوە بە بڵاوکردنەوەی پڕۆپاگاندا دەیهەوێ بیانوویەکی زۆرتری هەبێ بۆ گوشارخستە سەر کوردانی ئەو ناوچەیە و بە تۆمەت لێدان و سەپاندنی کەشی ئەمنی لە خاک و ماڵ و لەوڕگەکانیان دوور بخاتەوە و سەرنج لەسەر کێشەکانی تر بۆ سەر ئەو کێشە نوێیە ڕابکێشێت .
ژمارەیەکی زۆر لە کۆچەرییەکانی ماکۆ لە هەوارگەکانی نادۆ و ئاواجیقی لە ژێر هەژموونی پیلانگێڕیی پانتورکیزم و پاڵەپەستۆی هێزە ئەمنییەکان دوور خراونەتەوە و دەرکراون؛ ئەمە بەشێکە لە سیاسەت و گەڵاڵەی گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچەکە و سیناریۆی کۆماری ئیسلامی بۆ گۆڕین و قەدەغەکردنی هەوارەکان بۆ کوردانی ناوچە بە مەبەستی ڕەخساندنی کەشێکی لەبار بۆ داگیرکاری.
ئەو هەوڵانەی ڕێژیم بۆ خاوەنداریەتی کەسانی سەر بە ڕێژیم و ئاڵۆزکردن و نانەوەی کێشەی نێوان کورد و تورک لەمێژ ساڵە بەردەوامە و زەختێکی زۆری خستۆتە سەر شارە کوردەکان؛ دوو نەتەوەی کورد و تورک بۆماوەی چەند سەدەیە لە پارێزگای ورمێ و لە هەندێ لە شوێنە تێکەڵاوەکان خەریکی پێکەوەژیانن و زۆرجار پەیوەندی هاوسەرگیری و خزمایەتی بەدواوە بووە بەڵام لە دەورانی پاڵەویی و دەوڵەتەکانی دوای ئەویش، لە دوای هەڵوەشانەوەی دوو کۆماری کوردستان و کۆماری ئازەربایجان، خەریکی سازکردنی گرژی لە نێوان ئەو دوو نەتەوەیە بە سوودی خۆی بووە و بۆ بەدژیەکداکردنیان هەموو هەوڵی خۆی خستۆتە گەڕ.
لە ساڵانی ڕابردوودا لە نێوان هەندێ لە توندئاژۆ تورکەکان، فکری دژەکوردی و بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ کورد بە پێوەنددانەوەی ئازادیخوازیی کورد و بە تۆمەتی تەجزیەتەڵەبی و هاوکاری ئۆپۆزیسیۆنە کوردەکان پەرەی سەندووە.
بەداخەوە پارێزگای ورمێ بە درێژایی مێژوو کەوتۆتە بەر هێژمۆنی دانیشتووان یان حاکمانی ئەو ناوچەیە و بۆ گۆڕانکاریی خەڵکانی خۆجێیی و هەروەها دیمۆگرافیا و ئاسمیلاسیۆن و حاشا لە خاوەندارییەتی کورد لەو ناوچەیە کراوە.
ڕێژیم بە سیاسەتە پاوانخوازانەکانی و داگیرکەرییەکەی گوێی بە دەرەنجامەکانی ئەو کارە نەداوە و بە سیاسەتی مەزهەبی شیعە و بۆ بەزۆرینەکردنی تورک لە شارە کوردەکان هەموو هەوڵی خۆی لەکار گرتووە ؛بەڵام ئەو ڕەوتی ئەتۆمیزەکردن و گۆڕانی دیمۆگرافیاییە دەگەڕێتەوە بۆسەر ترسەکانی ڕێژیم لە یەکگرتوویی کورد لە ئێستا و داهاتوودا کە ڕەنگە لە دەنگدانە ناوچەیی و نەتەوەییەکاندا بە زەرەری تەواو بێت بۆیە هەر لە سەرەتاکانی دەستبەکاربوونی ڕێژیمی پاڵەوی و هەروەها کۆماری ئیسلامیش سەرنجیان داوەتە ئەو بابەتە و بە دوورخستنەوەی کوردانی کرمانج بۆ خوراسان و هاوردەکردنی کەسانی پارێزگاکانی دیکە بۆ پارێزگای ورمێ و هەوڵدان بۆ ئاسمیلەکردنی کولتووری بەمەبەستی لەنێوبردن و کەمڕەنگکردنەوەی زمان و جلوبەرگی کورد بەردەوام بووە .
لێرەدا تەنیا چارەی گەلی ژێردەستی کورد ئەوەیە کە خاک و زەوی لە بەرامبەر پارە و فریودانەکانی ڕێژیم بە کەسانی بیانی نەفرۆشێ و لەمەڕ ئەو بابەتە کەمتەرخەمی نەکا و بەپێچەوانەوە هەوڵ بدەن کەسانی خۆجێیی لەو زەوی و هەوارگانە کەڵک وەربگرن .
ئەوە حاشالێنەکراوە کە بە گۆڕانکاریی دیمۆگرافیای ناوچە، کێشەکانی تورک و کورد زیاتر دەبن و ئەو دوو نەتەوەیە بەدژی یەکدا دەکاتەوە وئەو کەشە ئەمنییەی کە ئێستا بە بیانووی بوونی حیزبە کوردییەکان لە ناوچەکەدا زاڵە و بە زۆرەملی و بە هەزار بوختان و درۆ ئەوە دەکاتە بەڵگەی یاسایی بۆ کارەکانی و بۆ ئەو دەستێوەردانە ناوچەییانە زیاتر و زیاتر دەبنەوە. ئەوەیکە لە ئێستادا شاری ماکۆی گرتۆتەوە بە ڕای زۆرێک لە ڕامیارانی سیاسی بەشێکە لە پیلانێکی گەورەتر بۆ کورد و کوردستان .ئاڵنگاریی کورد لەگەڵ سیاسەتەکانی ڕێژیم گەیشتووە بە ئەوپەڕیی خۆی و تا ئێستا بۆ بڕیارەکان و هەوڵەکان بۆلەنێوبردنی تەواویەتی کورد ئەنجامی نەبووە ؛کە باس لە گۆڕانکاری لە دیمۆگرافیا دەکەین تەنیا چەمکی حەشیمەتی لەخۆ ناگرێ؛ بەڵکوو ڕێژیمی ئاخوندی زۆر هەوڵی لە بواری ئایینی و مەزهەبیش داوە کە بۆ بەشێعەکردن لە پارێزگاکانی کرماشان و ئیلام و پارێزگای ورمێش شایەتحاڵیان بووینە .
هەروەها بە لێدانی بەنداو و گواستنەوەی ئاویی کوردستان بۆ ناوچەکانی تر خەریکی تاڵانکردنی سەروەت و سامانی کوردە کە ئەو گواستنەوانەش دەرەنجامەکەی وشکبوونی گۆلی ورمێ و هەڕەشەی بە شۆرەکاتبوونی ناوچەکە لە ئەگەری هەستانی خوێی ئەو بەنداوەیە؛ ڕۆڵی کورد لەمەڕ ئەو مژارانە دەبێتە هەزری ناسیۆنالیزمی و نیشتمانپەرەستی بۆ ئەوەیکە کاریگەریی پلانەکانی ڕێژیم کەم بێتەوە و پووچەڵ بکرێن .

**دەرەنجام :**
پیلانی ڕێژیم بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیایی حەشیمەتی و مەزهەبی لە کوردستان دەگەڕێتەوە سەر پێکەوەژیانی ئاشتیخوازانەی کورد لەگەڵ نەتەوە دراوسێکانی و لەبەر ئەوە ڕێژیم بە کردەوەکانی دەیهەوێ کورد لە ناوچەی خۆیدا کز بکا و بە دوورخستنەوە و دەرکردن لە ناوچەکانی دیکە گەلانی تر بێنێتە نێو بازنەی ژیانی کوردەوە تا بتوانێ ڕەوتی ئاسمیلاسیۆن و کۆنترۆڵی سیستماتیکی خۆی بەسەر ئەو نەتەوە کە ساڵهایساڵە ڕق و کینەی خۆی ئاراستە کردووە بە شێوەیەکی شوێندانەرتر پیادە بکا ؛ بەڵام بەو کارەی تەنیا کینە و ڕقی خەڵک بۆ خۆی دەکڕێت و خەڵک پاش دەرکران لە زێدی باب و باپیرانیان و لێئەستاندنی ماڵ و خاک و لەوڕگەکان زیاتر لە جاران هەست بە داگیرکەریی ئەو ڕێژیمە نگریسە دەکەن و بە هزرێکی بەهێزتر بەرەنگاری دەبنەوە؛ کەواتە یەکگرتوویی کورد و هەستی نەتەوایەتی تەنیا مەڵحەمێکە کە ئەو ڕۆژانە بۆ ڕقئەستوورتر بوون و ڕاوەستان لەبەرامبەر داگیرکەران بە فریای دەگات .

# ناتۆی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

**زرێبار**

لە دوای دوو ساڵ سەرکۆماری بایدن هێشتا دانیشتنەکانی پێوەندیدار بە بەرنامەی ئەتۆمی هیچ دەسکەوتێکی نەبووە و کۆماری ئیسلامی بە کات کوشتن و هێنانەئارای داخوازی جۆراوجۆر و لابردنی تەحریمەکان، کێشمانی بە دانیشتنەکان داوە .
هەرچەند ئیسراییل دژی ڕێککەوتنە لەگەڵ ئێران بەڵام وادیارە سەبری ئەو وڵاتە لە ئاکارەکانی کۆماری ئیسلامی کۆتایی پێهاتووە و لە سەر داخوازی ئەو وڵاتە و نێونجیگەری ئەمریکا پرسی ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانی ئەعراب و ئیسراییل گەشەی سەندووە و ئەوەندە پرۆسەکە چۆتە پێشەوە کە لە ژێر ناوی یەکیەتیی ئیبراهیمدا بە تەمای دروستکردنی ڕێکخراوی سەربازی و دروستکردنی پێوەندی هەمەلایەنە و بەربڵاون.
لە ئێستەدا کە ڕوسیا خەریکی شەڕی ئۆکراینایە و یەکیەتیی ئورووپا بە تەمای تەحریمی گازی ڕوسیایە،باشترین هەلومەرج بۆ بایدن پێکهاتووە کە متمانەی وڵاتانی عەرەبی بۆ بەرهەمهێنانی نەوت و دابینکردنی وزەی ئورووپا بە دەست بێنێ و هەروەها هەلومەرج بۆ دروستکردنی بەرە و پێکهاتەیەکی ناوچەیی سەربازی لە دژی کۆماری ئیسلامی پێک بێنێ.
دروستکردنی ڕێکخراوێکی لەو چەشنە بە شێوازی فرەڕەهەند جێگای لێکۆڵینەوەیە کە لێرەدا بە کورتی ئاماژەی پێدەکرێ.
کات و زەمان؛ ئەو ڕێکخراوە بە حوکمی بەرپرسایەتییەکەی پێویستی بە کات و زەمانێکی دیارینەکراوە و هەر لە سەرەتا و دەسپێکەوە هەتا دەسپێکردنی ئەرک و چالاکییەکانی، کاتی پێویستە. هەتا لە باری کاتەوە ئەرکەکانی ئەو ڕێکخراوە درێژە بکێشێ هاوپێوەندی و هاوکاری ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە بەربڵاوتر دەبێ.
شوێن؛ دروستکردنی ڕێکخراوێکی سەربازی پێویستی بە شوێنێکی سەرەکی هەیە بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری ئیداری و ڕێکخستن و بێجگە لەو شوێنە بەپێی پانتایی ئەو جوغرافیا ئیبراهیمییە بەپێی پێویست بنکە و بارەگای سەربازی دەکرێنەوە.
ئەندامانی ڕێکخراو؛ هۆکاری سەرەکی بۆ بەشداری دەوڵەتانی ناوچەکە لەو ڕێکخراوەیەدا دژایەتیکردن لەگەڵ دەستێوەردان و سەرکێشییەکانی کۆماری ئیسلامییە لە ناوچەکەدا.
وڵاتانی سوونە مەزهەب و عەرەبی، کۆڵەکەی سەرەکی ئەو ڕێکخراوەن. ڕەنگە هەندێک وڵات بێ لایەنی خۆیان ڕابگەیەنن بەڵام وادیارە وڵاتانی دیکەی وەک پاکستان، تورکیا ، ئەفغانستان و ... لە داهاتوودا ببنە ئەندامی ئەو ڕێکخراوە.
کۆماری ئیسلامی پێوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی دەورووبەر تەندرووست نییە و بە مەیلی خۆی خەریکی دەستێوەردانە، هەر بۆیە پێشوازی لە پێکهاتەیەکی وەها زیاتر دەبێ. ڕێکخراوی دژەئێرانی بە شێوەی ڕاستەوخۆ یارمەتیدەر و درێژەدەری ناتۆی ڕۆژاوایە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست .
نیازەکانی ڕێکخراو؛ لە ئەگەری دروستکردنی ڕێکخراوی ناتۆی ڕۆژاوای ئاسیادا پۆشتە و پەرداخبوونی لۆجستیکی و چەکەمەنی نیازی سەرەکییە. لەو بوارەدا ئەمریکا لە فرۆشتنی چەکوچۆڵ بە ڕێکخراوی نیزامی قازانجێکی زۆر دەکا. وڵاتانی ئەندامی ڕێکخراو بە هۆی ئەوە کە خاوەنی یەدەکی پارەن و هەروەها لە ئەگەری بەرزبوونەوەی نرخی نەوتدا، پارەیەکی زۆر دەکەوێتە دەستیان، دەتوانن پێشکەوتووترین چەک بکڕن.
لە قۆناخی دووهەمدا پەردە یا گۆمبزی ئاسنین نیازی سەرەکی وڵاتانی ئەندامی ڕێکخراوە. هەرچەند کاری ئەو پێکهاتەیە لە ژێر چاوەدێری ئەمریکا، ئورووپا و ئیسراییلدایە، بەڵام لە سەرەتادا چالاکییەکان و سەندنی چەکوچۆڵیان بەرتەسک دەبێ . چین وەک وڵاتێکی بازرگانی و پیشەسازی لە ئەگەری دروستبوونی ئەو ڕێکخراوەدا ناتوانێ دژایەتی بکا چوونکە هەڵسوکەوتی چین جیاواز لە ڕوسیا هەڵسوکەوتێکی ناسکە لە بەرامبەر وڵاتانی کەنداودا و ناچارە بە شێوەی هێورانە و بە پارێزەوە مامەڵە لەگەڵ دۆخەکە بکا.

# خامنەیی بە دزی وڵات دەڕووتێنێتەوە و بە ئاشکرا ژنان سەرکوت دەکات!



**سندووس**

خامنەیی لەمێژساڵە، ئاکامی تەواوی سیاسەتە هەڵەکانی کۆی دەسەڵاتی ئاخوندی و «بەیت»ە ماڵوێرانکەرەکەی دەخاتە ئەستۆی دەوڵەتە بێدەسەڵاتەکانی هاشمی، خاتەمی، ئەحمەدی‌نژاد و ڕوحانییەوە و لە ڕێگەی دامودەزگا تەبلیغییەکانیشییەوە، هۆکاری گەندەڵی، دزی، ناکارامەیی و کۆی ئەو ئاریشانەی بەرۆکی وڵاتیان گرتووە و تا لێواری هەڵدێرانیان بردووە، دەگێڕێتەوە بۆ سەرنجنەدانی ئەو دەوڵەتانە بە بڕیار و ڕاسپاردەکانی خۆی و ئەو ڕێنوێنییانەی تەرکیزی کردارییان لەلایەن دەوڵەتەکانەوە لەسەر نەکراوە! هەر بۆیە دەوڵەتەکانی پێشوو بۆ خامنەیی وەکوو نێعمەتێک بوون کە تەواوی کێشەکان بخاتە ئەستۆی ئەوان و خۆی وەکوو کەسێک نیشان بدات کە دڵی بەحاڵی ژیانی کۆمەڵانی خەڵک دەسووتێ و ئەوە دەوڵەتەکانی نێو نیزامن کە لە چوارچێوەی فەرمایشەکانی دەردەچن و کێشە دەخوڵقێنن! ئەگینا گەر بە وتەکانی ئەویان کردبا و بەپێی بەرنامەکانی ئەو چووبانە پێش، ئێستا جومگەی سەرەکی نیزامەکەی بژاردەی کردوون.

لەڕاستیدا ئەم سێ کەسە، سێ قاتڵ و دزی حێرفەیین کە خامنەیی لای وابوو بە هەڵکێشانی ئەوانە دەتوانێ سیستم یەکدەست بکات و چۆنی پێخۆش بێت ئاوا ئەسپی هەوسارنەکراوی مەرامە چەپەڵەکانی لینگ بدات.
بەڵام هەر زوو دەرکەوت کە خامنەیی بە هەڵکێشانی ئەم سێ شارڵاتانە دەوڵەتی شاراوەی خۆی لەقاو داوە و ئێستا ئیتر بۆ هەموو لایەک دەرکەوتووە کە هیچ بابەتێک لە چوارچێوەی نیزامەکەی خامنەییدا جووڵەی پێناکرێ مەگەر بە پێی بڕیارەکانی خۆی نەبێ!
کاتێک بەرپرسی فێدراسیۆنی فووتباڵ، بە ئەمری خامنەیی لادەبرێ و بۆ وەلانانی کاپیتانی یانەی ئیستقلال گڵۆپی سەوز بۆ سپای تێرۆریستی پاسداران هەڵدەکات، ئیتر هیچ بابەتێک نامێنێتەوە کە ئەم پیاوە ڕەوانییە دندووکی گەمژانەی تێوەر نەدا و ئەوەی بە بەژن و باڵای هەڵنەڵێ و لە بەرەی خەڵکدا بێ بە بەکرێگیراو و دوژمنی نەناسێ!
هیچ کەس باوەڕی بە دووجەمسەریی سیاسەتەکانی کۆماری ئاخوندی «ئیبراهیم ڕەییسی»یە، لەگەڵ ئیمام جومعەی شارەکانی ڕاسپاردووە، تا بەگژ ئەو خاتوونانەدا بچنەوە کە لیباسی بەریان بە دڵی ئاغا و موریدەکانی نییە و چەند تاڵ موویان بەدەرەوەیە، بە وتەی خۆیان ئەوە دواسەنگەری پارێزگاریی لە نیزامە، گەر لێرە شکستێ بخۆین لە هەموو بەشەکاندا شکست دەهێنین!
ڕەییسی بۆ ئەم مەبەستە، لە کۆبوونەوەی ١٤ی پووشپەڕی ١٤٠١ی هەتاوی و لە شورای شۆڕشی فەرهەنگیدا، بەشێوەی فەرمی بڕیاری سەرکوتی ژنان، سەپاندنی حیجابی زۆرەملێ، زیادکردنی گەشتی ئیرشاد و دیوارکێشی شوێنە گشتییەکانی دەرکردووە.
بۆ ئەم مەبەستە ٢٢ هەزار میلیارد تمەن تەرخان کراوە بۆ ئۆرگانە دژەگەلییەکانی وەک ستادی ئەمری بە چاکە، سازمانی تەبلیغاتی ئیسلامی، شورای بەڕێوەبەری حەوزەی جەهلییەی قوم، پۆلیسی ئەمنییەتی ئەخلاقی و هێزەکانی بەسیج.
بەبڕیاری ڕەییسی، بەشێک لەم بودجەیە دەبێ بۆ جیاکردنەوەی ژنان و پیاوان لە شوێنە حوکمییەکان و دیوارکێشی شوێنە گشتییەکان تەرخان بکرێ.
هەروەها بۆ گەلاڵەی حیجاب و عیفاف دەوتری «لە دەستدانی کۆنتڕۆڵی دەروونی.»
مرۆڤ کە کۆنتڕۆڵی دەروونی لەدەست دا ئامادەی ئەنجامدانی هەر جۆرە جینایەتێکە!
دەنا چ خێرە مرۆڤ لە پێناو بڕە پارەیەک و هێندێک خواردەمەنی کە دەیدرێتێ، خۆی لە ژیان و لە شێوەی لیباس پۆشینی هاوڵاتییان هەڵقورتێنێ و بە بیانووی نەپاراستنی حیجاب کێشەیان بۆ چێ بکات! ئەوانەی ئەم کارە قێزەونانە ئەنجام دەدەن، ئەگەر لە وڵاتێکی پێشکەوتوودا ڕووی دابا، وەکوو نەخۆشی دەروونی دەکرانە سووژەی خوێندنەوەی دەروونناسان و بەباشی ئەدەب دەکران و دواتر ئیزنی ئەوەیان پێدەدرا بگەڕێنەوە نێو کۆمەڵگا.
خامنەیی و گشت قوڵەچۆماغەکانی سەروو و خوارووی دەسەڵاتەکەی لە دەستە و تیپی ئەو نەخۆشە دەروونییانەن کە ژیانیان لە کۆمەڵانی خەڵک تاڵ کردووە.
خامنەیی باش دەزانی دەیەی شەست لە ڕێگەی یاسا بۆگەنەکەیان، هەزینەکردن، پێکهێنانی دۆخی تۆقێنەر و ئاوارتە، سەرکوت و کوشتوبڕ ناگەڕێتەوە، بەڵام بە زەقکردنەوەی کێشەی حیجابی زۆرەملێ، دەیهەوێ قەیرانە دەرەکی و ناوخۆییەکان

> **ئەم کارەیان نەک هیچ ئاکامێکی نابێت، بگرە ژنان زیاتر هان دەدات تا هەوڵ بدەن نەزمی هێمایی ئاخوندەکان تێک بشکێنن و لەڕاستیدا ئەم بڕیارە چەپەڵە دەبێتە هۆی تەقینەوەی ڕەقی شۆڕشگێڕانەی لەناخاهەڵگری ژنان و ئەمجارە هێزی بەرپەرچدانەوەی سیاسەتە گەمژانەکانی ئاخوندەکان، لەهەمبەر ئیرادەی ژنانی ئەم وڵاتەدا زۆر لە کزی دەدات**

ئێران دەبوو بە وڵاتی گوڵ و بوولبول و هیچ کێشەیەک بەرۆکی وڵاتی نەدەگرت!
بەڵام ڕووی ڕووداوەکان کاتێک بە جوانی و بۆ گشت لایەک، تەنانەت ئەوانەی بە «خودی» ناسراون، دەرکەوت، کە بۆ تەواوی جومگەکانی نیزامەکەی، خۆی مۆرەچنی کردووە و ڕێک ئەوانەی داناون کە خۆیان وتەنی: «ذوب در ولایەت»ن.
ئەوانە کەسگەلێکن کە مووبەموو بڕیارەکانی خامنەیی بەڕێوە دەبەن و بە جێگری ئیمامە وەهمییەکەیانی دەزانن.
ئیبراهیم ڕەییسی دز و جەلاد، محەممەدباقر قالیباف، دز، جەلاد و زەویخۆر و غولامحوسێن موحسێنی ئێژەیی جەلاد و دز، سێ لەو موریدانەن کە خامنەیی بۆ یەکدەستکردنی دەسەڵاتەکەی و وەک بەرپرسی سێ نەماوە و ڕۆڵی خامنەیی وەک تاکە سەرچاوەی تەواوی گیروگرفتەکانی دەرەوە و ناوەوەی وڵات بۆ هەموو کەس سەلمێندراوە.
هەر چەند تەمەنی داپڵۆسین و سەرکوت و بێحورمەتی بە ژنان باڵای بەقەد باڵای کۆماری ئاخوندییە، بەڵام چەند ڕۆژێکە بۆ بەلاڕێدابردنی ڕای گشتی لەسەر ئەو هەموو کێشە قووڵانەی لە کۆمەڵگادا بوونیان هەیە و بەرهەمی بێکیفایەتی شەخسی خامنەیی و مۆرە بژاردەکانییەتی، لەنگەریان لەسەر «حیجابی زۆرەملێ» گرتووە و بە وەگەڕخستنەوەی دووبارەی گەشتی ئیرشاد و هێزێکی بەرەڵڵای وەک ئەمر بە چاکە و نەهیی لە خراپە، گوشارێکی زۆریان بۆ ژنانی کۆمەڵگا هێناوە.
بۆ ئەم مەبەستە خامنەیی یەکێک لە دڕندەترین مۆرەکانی خۆی کە و جیاکردنەوەی ڕەگەزی نێر و مێ، ٣ هەزار ماشێنی «وەن»یان داوەتە دەست هێزەکانی پۆلیسی ئەمنییەتی ئەخلاقییەوە و هێزێکی زۆریشیان لە بەسیج و تەلەبەکانی ژن و پیاو، بەبڕی کاتژمێری ٥٠ هەزار تمەن بۆ ئەو کارە قێزەونە بەکرێ گرتووە!
ئەوە زاتی سیستمە پاوانخواز و دیکتاتۆرە سەرەڕۆیەکانە کە جیهانی هاوبەشی مرۆڤەکان دەشێوێنن و دواجار جیهانێکیتر، بەپێی ئایدیۆلۆژییە دژەمرۆییەکانیان پێدەبەخشنەوە، لە وەها بارودۆخێکدا بۆ ئەو کەسانە شتێک بەناوی ئیرادە، ئینسانییەت و لێپرسراوەتی سەبارەت بە کۆمەڵگا نامێنێ و ئەوەی بەلایانەوە گرینگی پەیدا دەکات جێبەجێکردنی بڕیاری ئاغاکانیانە و هیچیتر.
لە دەروونناسیدا بەم شێوە هەڵسوکەوتە داپۆشێ و تا کۆمەڵانی خەڵک هۆشیان لەسەر کێشە گرینگەکان بۆ لای بابەتگەلی پەراوێزیی هەتڵە بکات؛ بەڵام ئەم کارەیان نەک هیچ ئاکامێکی نابێت، بگرە ژنان زیاتر هان دەدات تا هەوڵ بدەن نەزمی هێمایی ئاخوندەکان تێک بشکێنن و لەڕاستیدا ئەم بڕیارە چەپەڵە دەبێتە هۆی تەقینەوەی ڕەقی شۆڕشگێڕانەی لەناخاهەڵگری ژنان و ئەمجارە هێزی بەرپەرچدانەوەی سیاسەتە گەمژانەکانی ئاخوندەکان، لەهەمبەر ئیرادەی ژنانی ئەم وڵاتەدا زۆر لە کزی دەدات.
ژولیا کریستیڤا، گەورە فیلسووف و دەروونشیکاریی هاوچەرخ دەڵێ:
«ژن شۆڕشە، شۆڕشی ژن گەر باڵا بکات، هیچ دەسەڵاتێکی پڕزەبروزەنگ ناتوانێ بەر بە لافاوەکەی بگرێت و تاج و تەختیان ڕادەماڵێ.»

## ویستگە

# تەنیا ٥ساڵ؟!



**نووسین: هێمۆ**

کەسێک لە پێگەی مامۆستادا دەستدرێژی دەکاتە سەر ١٨ منداڵ و تەنیا حوکمی ٥ ساڵ زیندان و ٢ ساڵ دوورخرانەوەی بەسەردا دەسەپێت!
ئەمە تەنیا ڕستەیەک نییە کە پیشاندەری هەواڵێک بێت، لەڕاستیدا ڕستەیەکی تراژیکە کە نیشاندەری کردەوەیەکی هۆڤانە و بڕیارێکی قیزەون و هەڵبەت ئاگاهانە بۆ خەڵکانێکە کە لە چوارچێوەی جوگرافیایەکدا دەژین کە لە دەیەی ٥٠ی هەتاویدا خۆیان یان باوباپیریان هاتنە سەر شەقامەکانی و ویستیان بە شۆڕشێک دژ بە دەسەڵات، ئاسایش و ئارامی و تەناهی بۆ کۆمەڵگاکەیان بە دیاری بێنن!
دیاریی ئەو شۆڕشە بۆ نەوەی نوێ چی بوو؟ دەستدرێژیکردنە سەر کچەکانیان و فەوتاندنی داهاتوویان؟ بارهێنانی مامۆستای گەندەڵ کە پۆلی خوێندنی لەگەڵ شوێنەکانی دیکە بەهەڵە گرتووە؟ بەرهەمهێنانی «سەعید حەنایی»یەکان کە بە ناوی پاراستنی ئابڕووی ئیسلامەوە، دەستدرێژی دەکەنە سەر خەڵک و دەبنە بکوژ و منداڵێکیان لێ بە جێ دەمێنێ کە دەڵێ ئەگەر باوکیشم نەمێنێ من ڕێگاکەی درێژە دەدەم! یان «سەعید تووسی»ی ئاڵقەبەگوێی بەیتی ڕێبەریی ڕێژیم کە بە بیانووی فێرکردنی وانەی ئایینی و کەلامی خودا، دەستدرێژی دەکاتە سەر ژیان و داهاتووی منداڵانی ئەم جوگرافیایە؟!
لەو کاتەوە کە ڕێژیمی ئاخوندی هاتووەتە سەر کار و مەلایان بوونەتە پێشەنگ و چاوساغی کۆمەڵگا، ئەم ڕووداوانە و ڕووداوگەلی لەم چەشنە بوونەتە بەشێکی دانەبڕاو و باشترە بڵێم بەشێک لە پێناسەی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران!
ئەگەر پێش لە سەرکەوتنی شۆڕشی گەلان، دەیانگوت دەسەڵات بووەتە هۆی پەرەپێدانی کردەوەی نائەخلاقی لە کۆمەڵگادا، ئەوە پاش شۆڕشی گەلانی ئێرانیش بینیمان کە ئەم کردەوەیە نەک تەنیا نەسڕدرایەوە بەڵکوو شێوازەکەی گۆڕدرا، لە کابارەکانەوە هاتە نێو ماڵەکان و لە جیاتی کردەوەیەکی ئاشکرا بوو بە کردەوەیەکی قەدەغە و لەڕاستیدا نهێنی!
بەڵام هەر ئەم کردەوەیە لە ژێر سێبەری دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیهدا شکڵ و جۆری جیاوازتری لەخۆ دەگرت، جارێک بە ناوی سیغە بۆ ئاستانی قودسی ڕەزەوی و تێرکردنی ویستی ئاخوندەکانی ڕێژیم و جارێک بە ناوی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ بێ ئەخلاقی و ڕاکێشانی ژنانی لەشفرۆش بۆ قەتڵگا و بە بیانووی پاککرنەوەی کۆمەڵگا لە گەندەڵی و فەساد، جارێک لەژێر ناوی سێمینار بۆ پەرەدان بە ئەخلاقی ئیسلامی و جارێکیش لە پۆلی خوێندن!
ئەمە هەموو ڕاستییەکە نییە؛ ڕاستییەکە لە ژێر پێستی شارەکانی ئێراندا لەگەڕدایە، گەندەڵی کۆمەڵگای تەنیوە و «سەعید تووسی»یەکان پاش ئەنجامدانی تاوان و فەوتاندن و تێکدانی داهاتووی منداڵانی ئەو وڵاتە، دەبەخشرێن و زۆرترین سزایەک کە وەری دەگرن، حوکمی ٥ ساڵ زیندانە!
هیچ گومانێک لە گەندەڵبوون و وێرانبوونی ڕێژیمی ئێران و ناوەند و دامودەزگا پێوەندیدارەکان بەم جۆرە پرسانە نییە، ئەوەی کە ڕوونە ئەم ڕاستییەیە کە لەوەتەی ئەم ڕێژیمە هەبووە، ئەم ڕووداوانە هەبوون و تا کاتێکیش ئەم ڕێژیمە هەبێت، ئەم ڕووداوانە بەردەوامن، بەڵام ئەی هەڵوێستی کۆمەڵگا چی دەبێ؟ یان ئەبێ چی بێ؟
با چاوێک بە ڕووداوەکەی خوراساندا بخشێنین! بەناو مامۆستایەکی ٥٥ ساڵە، دەستدرێژی دەکاتە سەر ١٨ قوتابیی کچی خۆی. گریان و بێتاقەتی و ئاڵۆزی چەند کەس لەم منداڵانە وا دەکات کە بنەماڵەکانیان تووشی شک و گومان بن، لە ئاکامدا تەنیا ٧ بنەماڵە، سکاڵا تۆمار دەکەن و ئەوانی تر بەهۆی ترس لە ئابڕوو و نیگەرانبوون لە هەڕەشەکانی تاوانبارەکە، بێدەنگی ڕادەگرن! ئەم بەناو مامۆستایە پێشتریش کاری لەم چەشنەی کردووە. بەرپرسی پەروەردەی خوراسان و هەروەها بەرپرسی دادگوستەریش کردەوەکە بە «ئازاری ڕەگەزی» ناودێر دەکەن نەک «دەستدرێژی»!
قووڵایی کارەساتەکە لێرەدایە، بنەماڵە کە ئەبێ پاڵپشت و پارێزەری منداڵ بێت، لە ترسی ئابروویییەک کە هەر پێناسەکراوی خودی دەستدرێژیکەران و دەسەڵاتدارانە، بێدەنگی ڕادەگرێ، منداڵەکان بەهۆی نەبوونی متمانەی دوولایەنە بابەتەکە لە بنەماڵە دەشارنەوە، ئازارە ڕۆحی و دەروونییەکان زاڵ دەبێ بە سەر ژیان و داهاتووی منداڵەکاندا، تووشی ماددەی هۆشبەر و دابڕان لە خوێندنیان دەکات، بەهۆی پەروەردەی نادرووستەوە هەستی تاوانباربوون لە خۆیاندا پەرە پێ دەدەن و زۆرجاریش پەنا بۆ خۆکوژی دەبەن! بەڵام لێرەدا تەنیا تاوانبار دەسەڵات نییە، ڕاستە کە بە نەبوونی یاسای درووست و بڕیاری کردەیی، ڕێژیم تاوانباری سەرەکییە، بەڵام بێدەنگیی قوربانیان گەورەترین تاوانە.
لەقاودانی تاوانی لەم چەشنە دەتوانێ هەستی کۆمەڵگا بجووڵێنێ و بیکاتە بزووتنەوەیەکی گشتگیر، چونکە لەم کاتەدایە کە تاکەکانی کۆمەڵگا تێدەگەن کە ئەگەر ئەمڕۆ «ئەم» قوربانییە، بێگومان بەیانی «ئەو»یش دەبێتە قوربانی!
پاساوهێنانەوەی دامودەزگاکانی ڕێژیم و شاردنەوەی ڕاستییەکە بەشێک لە سیاسەتی ڕێژیمە، ئەوەی کە گرینگە بێدەنگنەبوونی کۆمەڵگایە، چۆن ئەبێ ١٨ کەس قوربانی ڕووداوێکی لەم چەشنە بن و تەنیا ٥ ساڵ سزا بە سەر تاوانبارەکەدا بسەپێت؟ ئەمە تەنیا نیشاندەری ئەم ڕاستییە تاڵەیە کە کۆمەڵگای ئێران تووشی دارمانی ئەخلاقی بووە و خودی بەرپرسانی ڕێژیمیش لە ترۆپکی ئەم دارمانەدان و ئەوەی کە هیچ گرینگییەکی نییە خەڵک و ژیان و ئاسایشی کۆمەڵگا و بەتایبەتیش ژنانە!

# دەقی پەیامی بەڕێز م.حەسەن شیوەسەڵی
# ئەندامی ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکرات
# بەبۆنەی ساڵوەگەڕی شەهیدانی ڤییەن



**تایبەتمەندی هەرەدیاری دوکتور قاسملوو دانی کەسایەتی بە دەوروو‌بەری خۆی بوو، بەڕێزیان ئەزموونی ڕەوانشناسییەکەی زۆر بەهێز بوو.**
**بە باوەڕەوە پێی وابوو هەرکەس غرووور و شایی بەخۆبوونی تایبەت بە خۆی پێیە، زۆر گوناحە ئەو غروور و باوەڕانە بشکێندرێن،**
**کە شکاندنی لەو شێوە، هەستی باوەڕبەخۆبوون و بیری هیوا بەدوارۆژ و سەرکەوتن تا ڕادەیەکی زۆر تێک دەڕۆخێنێ،**
**بۆیە هەرکاتێک لەگەڵ هەر کادرێکی سیاسی، یا فەرماندەیەکی نیزامی یا پێشمەرگەیەکی سادە دادەنیشت، دیدار و ڕووبەڕووبوونەکەی ئەوندە حەکیمانە بوو**
**کە بە هیچ جۆر لە چێژی تەرەفەکانی خۆی نەدەدا و سۆزی باوەڕبەخۆبوونی گوێگرانی نەدەشێواند**

دنیاکە ئاڵوگۆڕی زۆری بەسەردا هاتووە و گونگەڵی زۆر گەورە لە ئارادان و گۆڵمەزی زۆر گەورەیش بەڕێوەن.

ئێمە تەنیا لە پاشحالی مێژوویی حیزبەکەی خۆماندا خاوەنی سەرچاوەی بەرین و مەرجەعی بەهێزین و سەروەت و سامان و میراتی زۆر گەورەی فیکری و عەقیدەتیمان پێ بڕاوە و تەنانەت لە کۆڵەپشتە خوێناوییەکەی خۆشماندا ئیدە و ئەندێشەی هەڵقوڵاو لە ڕۆحی کاریزماکانمانەوە بە فەخر و شانازییەوە پاشەکەوت کردوون.

گەورەبیرمەندانمان لە نێو جۆش و کوڵی خوێندا ئەزموون و دەرسی گەلێک گەورەیان بۆ ئێمە بەجێهێشتوون، ئێستاش لەگەڵ ئەوەی نیزیک بە سی و پێنج ساڵ بەسەر مێعراجە خوێناوییەکەی دوکتور قاسملوودا تێپەڕ دەبێت هێشتا درەنگ نەبووە و قەتیش درەنگ نابێ بۆ ئەوەی تەسویری دەقیق لە هەڵسان و دانیشتن و تەکان و جووڵان و هەڵوێستی سیاسی و ئەخلاقی دوکتور قاسملوو هەڵبگرینەوە و بە شانازییەوە دەیان و سەدان جاری دیکەش کۆپییان بکەینەوە.

دوکتور شەرەفکەندی وەک پەیڕەوی ڕاستەقینە خۆی بە شاگردی دوکتور قاسملوو دانا و دەرس و ئەزموونەکانی ئەوی کردە ڕێنوێنی خۆی و ڕەوشت و ئاکار و کردارەکانی ئەوی کۆپی کردن و ڕێچکە و ڕێبازەکانی ئەوی پێوان و وەک وێنە و نموونە و شوێنهەڵگری ئەمەگناسی ئەوان بە وێنەی بورکانێکی بەگڕ هەڵچوو و لە بەرزایی ئاسمان و هەورە بەرزەکانی مێژوودا سەری دەرهێنایەوە.

ئێمە لێرەدا بۆ ئەو مەکتەبە فیکری_فەلسەفییانەی دوکتور قاسملوو باسی لێدەکردن و هەروەها بۆ دێموکراسی و پلۆرالیزم و سۆسیالیزمە تایبەتییەکەی دوکتور قاسملوو ناگەڕێینەوە، ئەساسەن توانای منیش ئەوە نییە خۆم لە قەرەی ئەو دەریا تۆفانییانە بدەم، تەنیا بەدەوری ئەو شتانەدا دەخولێمەوە کە لە نیزیکەوە بە چاوی خۆم شاهیدیان بووم و بە زەینە کۆڵەکەی خۆم کەم تا کورتێک لێیان تێگەیشتوم .

یەکێک لەو خاڵانەی کە دەبێت بە دیققەتەوە سیرەی لێ بگیرێت و سەرنجی زۆر وردی پێ بدرێ جووڵانەوەی مەعقووڵانە و پراگماتیستی دوکتور قاسملوویە کە بە هەموو هێز و توانایەوە باوەڕی بە ئیدەی پراگماتیستی هەبوو.

دوکتور قاسملوو بە کردەوە ئەوینداری ئەو ڕێبازە فیکرییە بوو، دەیهەویست بیروبۆچوونی پراگماتیستی لە نێو ڕیزەکانی حیزبدا بە تەواوی پیادە بکرێ تەنانەت لە نێو ڕیزەکانی دژبەرانیشدا هەرکات جمووجووڵێکی پراگماتیستی هەست پێ دەکرد سەرنجی دەدا و لێی ورد دەبوویەوە و بە مەبەستی کەڵک لێوەرگرتن بە پشکنین و لێکۆڵینەوە، بەدواداچوونی بۆ دەکرد.

یەکێک لەو ڕێبەرانەی کە بە هەموو توانایەوە پێ لە سەر ئەخلاقی سیاسیی دادەگرت و شەفاف و لیبراوانە هەوڵی ئەوەی دەدا کە جەوهەر و ناوەڕۆکی ئەخلاق بکاتە هەوێن و ئاوێتەی کاروباری سیاسیی و تەنانەت ژیانی ڕۆژانەیش، دوکتور قاسملوو بوو.

لە هێندێ وتار و نووسراوەکانیشیدا زۆر بێتوێڵک و ڕوون پڕژاوەتە سەر ئەو مەسەلەیە و زۆر بە وردی پشکنیویەتەوە و ئیشارەی پێ کردووە.

دینامیزم و هاندەری ڕاستەقینەی دوکتور قاسملوو بۆ پشتیوانی لە چەوساوان و زەحمەتکێشان وێڕای ئەوەی پایگای تەبەقاتیشی لەگەڵ ئەوان جیا بوو، بۆ خۆیشی لە جێگەوپێگەی چینێکی دیکەدا بوو دینامۆ و ئەنگیزەی ڕاستەوخۆی دوکتور قاسملوو بۆ ئەو پرسە گرینگە، ئیلتیزام بە ئەخلاقی سیاسی بوو.

ئەو بیروبۆچوونە لە قووڵترین دەمارەکانی دوکتور قاسملوودا ڕیشەی داکوتابوو، تا قوربانیبوون و فیدابوونی یەکجاری بە تەعەهود و ئەمانەتەوە بەو بیروبۆچوونەی خۆی وەفادار مایەوە.

لە نێو شۆڕشگێڕانی خۆماڵیشدا ئەگەر زۆریش نەبووبن، کەسانێک هەبوون کە خەباتی نەتەوایەتییان تەنانەت لە سادەترین و هێدیترین و مەنتقیترین شکڵی خۆیدا بە هەڵوێستی بەرچاوتەنگانە دادەنا، بەڵام دوکتور قاسملوو ئەو شێوە خەباتەی، واتە خەبات لە ڕێگای میللەتێکی چەوساوەدا کە بەردەوام وەکوو میللەت هەڕەشەی پاکتاوکران و نەمانی لەسەرە بە هەڵوێستێکی بەهێزی ئینسانی و عەقڵانی و جەوهەری ئەخلاق و سیاسەت لە قەڵەم دەدا.

ئەمن بۆ خۆم لێم بیستووە و چەند جارانیش باسی ئەوەی دەکرد، باشە میللەتی کورد لە هەموو جوغرافیا قەڵتوبڕکراوەکەیدا نەک وەکوو چین، نەک وەکوو توێژ بەڵکوو وەکوو میللەت هەڕەشەی پاکتاوکران و نەمانی لەسەرە، ئەویش هەڕەشەی تواندنەوە و ڕەشبوونەوەی یەکجاری؛ بۆ دەبێ حەقی نەبێ وەکوو میللەتێک دیفاع لە خۆی بکات و بە شکڵێکی ئارام و دوور لە نێوانبەزێنی و دوور لە زیادەڕۆیی قەوارەی نەتەوایەتی خۆی بپارێزێ.

بۆ دوژمنانی ئێقلیمی ئێمە بە کوڵە و بە کاروان و بەکۆمەڵ بە قەمە و شمشێری ژەنگاوی ڕەگەزپەرەستانەیان بۆیان هەیە کوردەکان قەتڵوعام بکەن بەڵام دیفاع لە میللەتێکی ژێردەست بە سەرپێچی لە یاساوڕێسا و لادان لە ئەخلاق تۆمار دەکرێ.

دوکتور قاسملوو زۆر جاران بە ناسیۆنالیزمی ئیفراتی و هێندێ جارانیش بە سازشکار و جارەهایش بە وابەستەی ئەملاوئەولا نێو براوە، ناحەزان نێو و نێرکی زۆریان وەدوا خستووە بەڵام هەر ئەوەیکە بۆ خۆی بە تلۆرانس و پشوودرێژی شۆڕشگێڕانە و بە ئەوپەڕی خوێنساردییەوە لە بەرانبەر ئەو تەوس و توانج و پلانانەدا ڕاوەستا و بە ئیستیدلالەوە ناسیۆنالیزمی میللەتی ژێرستەمی بە جووڵە و تەکانێکی دێموکراتیک لە قەڵەم دا نموونەی بەرزی باوەڕمەندی ئەخلاقی دوکتور قاسملووی بە دەوروبەر نیشان دەدا.

دوکتور قاسملوو لە نێو جەغزی ئەخلاقی سیاسیدا باوەڕی بە دیسیپلینی ئاگاهانە هەبوو، لایەنگری سەرسەختی نەزم و ئاهەنگ بوو، پاراستنی ئایینی هاوسەنگەری و خۆ ڕاهێنان و بەتایبەتی خۆڕاهێنان بە خۆخدەی بەرزی ئینسانی بە بەشێک لە تەعەهوودی ئەخلاقی و ویژدانی حیساب دەکرد.

ئەوەی بەلای دوکتور قاسملووەوە یەکجار زۆر گرینگ بوو ئەمنییەتی ڕەوانی هاوئۆرگانان و کۆمەڵگا بوو، هەمیشە هەوڵی ئەوەی دەدا کە دڵنیایی ڕۆحیی وەکوو ئەولەوییەت پێش هەموو کەس لە ناخی دەروونی هاوسەنگەران و نیزیکانی خۆیدا بە قووڵی جێگیر و نەهادینە بکا.

ڕاوێژ و هاودڵی و هاوفکری بۆ دوکتور قاسملوو مەسەلەیەکی زۆر گرینگ بوو، بۆ ئەوەی هاوڕێیان و هاوکارانی تێڕادیوانە و برایانە و دۆستانە چارەسەری کێشەکانیان بدۆزنەوە، بۆ کردنەوەی تەواوی گرێکوێرە و مۆعەمماکان بە پێویستی دەزانی بۆخـچەی دڵیان لە لای یەکتر بکەنەوە و ئەمجا دەتوانن هەموو دردۆنگی و وەهم و گومان و ڕەشبینی و کورتبینییەکان بە هەڵویست و داوەری ئاگاهانە و مەنتیقی لە نێو دڵ و دەماری داڵانە دەروونییەکان بە هاسانی وەدەر دێن.

بەو بۆنەوە ئەمن ئەو شێعرەم بۆ یەکەم جار لە کاک دوکتور بیست کە دەیگوت:

«خلوت دل نیست جای صحبت اضداد
دیو چو بیرون رود فرشته برآید»

دوکتور قاسملوو عاشقی هاودڵی و هاوزمانی و هاوڕازی و هاودەنگی نیازپاکانە بوو، ئەو بوونی ئۆرگان لە نێو ئۆرگان و سازمان لە نێو سازمان و حیزب لە نێو حیزبی بە پێچەوانەی ئەخلاقی سیاسی چاو لێدەکرد و پێی وابوو دروست بوونی هەستەی لەو شێوە بەردی بناغەی هاوپەیوەندی ڕێکخراوەیی لە ڕەگ و ڕیشەوە هەڵدەتەکێنێ.

ئەو جۆرە کارانەی بە جۆرێ گەندەڵی و ملهۆڕی و بە شێوەیەک لە هوولیگانیزمی تەشکیلاتی نێو دەبرد. وەدەستهێنانی ئیمتیاز لە بەرانبەر

**ئەو لە چوارچێوەی دێموکراسیدا باوەڕی بە نەوعێک دیسیپلینی ئاگاهانە هەبوو،**
**نەزم و نیزام و ئینزیباتی هۆشیارانەی بە پایە و مەرجی بنەڕەتیی گەشەکردن و سەرکەوتن دەزانی، باوەڕی**
**زۆر توندی بە سانترالیزمی ئۆسوولی هەبوو. لەگەڵ هەموو ئەوانەش پێی وابوو پێوەندی نێوان دوو ئینسانی**
**خەباتکار، پێوەندی نەرم و نیانی نێوان دوو دڵدار نییە**



**هەروەها ئەگەر بە ڕەسمییەت ناسینی مافی ژنان و شەرعییەتی بەشداری ئەوان لە ژیانی سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیدا**
**بۆ یەکەم جار ئیدەی دانی کەسایەتی بە ژنان لە کۆماری کوردستاندا بۆ یەکەم جار لەدایک بوو و بە کردەوەش پیادە کرا، شانازییەکانیشی بۆ شەخسی پێشەوا قازی محەممەد و کۆماری کوردستان دەگەڕێتەوە**
**دەتوانین بڵێین دوکتور قاسملوو دووهەمین کەس، یا دوای کۆماری کوردستان ئەوەڵین کەسە بۆ زیندووکردنەوە و پێهەڵگرتنی ئەو ئیدەیە تەواوی توانا و ئینێرژی خۆی بە کار هێناوە و بۆ جێگیرکردنی ئەو ئیدە پیرۆزە تێچووی زۆری داوە و شانازییەکەیشی بۆ شەخسی خۆی دەگەڕێتەوە**

شکاندن و لەژێرپێنانی ئوسوولی تەشکیلاتی دوکتور قاسملووی زۆر ئازار دەدا، تەنانەت ئەو شێوە ئاکارانەی بە ڕەزیلانەترین بازرگانی و هاوبیری سیاسی تەشکیلاتی دەستنیشان دەکرد.

بەتایبەتی دانی ئیمتیاز بۆ وەدەستهێنانی پۆست و پایەی حیزبی زۆر بە کارێکی ڕووخێنەر و زیانبار دەزانی.

دوکتور قاسملوو باوەڕی زۆر قووڵی بە ڕێکوپێکی و پاک و خاوێنی هەبوو، بەڵام بە هەموو قودرەت و توانای خۆیەوە دژی لۆکسبازی و تەجەمۆلاتی بێجێ بوو.

لە بەشی دووهەمی قسەکانمدا ئەمن بە هیچ جۆر پێم خۆش نییە بکەومە نێو ئەفسانەوێژی و شێوە فەسڵێکی ئاڵۆز و لوگیتە و ناڕوون، تەنیا دەمەوێ ئەو شتانەی بە چاوی خۆم دیتوومە و لەنیزیکەوە شاهیدیان بووم بە کورتی بۆیان بگەڕێمەوە و بیانهێنمەوە سەر زمان.

ئەو تایبەتمەندییانەی لە پێشدا باسم کردوون و ئەوانەی ئێستایش دەمهەوێ لێیان بدوێمەوە، ئەگەر تۆزێک بە وردی باسیان بکەم هەر یەکەیان ئەوێتە چیرۆکێکی دووردرێژ و بە ئاسانی دەبنە کتێبێکی زۆر ئەستوور و گەورە، بۆیە لێرەدا پێڕستوار سەبارەت بە میراتە ماددیی و فەرهەنگی و فیکری و ئەخلاقییەکانی دوکتور قاسملوو بە کورتی بۆ هێندێ تایبەتمەندی دیکە دەگەڕێمەوە.

باسی پاشەکەوت و زەخیرە ماددییەکان ناکەین. یەکێک لە میراتە فیکری و مەعنەوییەکانی دوکتور قاسملوو کە وەکوو کاڵایەکی بایەخدار لە دوای خۆی بە جێی هێشتووە پشتبەستن بە خیرەدی جەمعی بوو، پێی وابوو ئەو کەسانەی ڕاوێژ دەکەن و بیروڕا دەگۆڕنەوە ڕاستەوخۆ دەبنە شەریکی عەقڵی کەسانی دیکە، ئەوانەش کە نایانهەوێ ببنە هاوبەشی عەقڵییەتەکان یا چەپۆکی دیکتاتۆران دەخۆن و سەرەنگرێ دەبن یا بۆ خۆیان دەبنە دیکتاتۆر و چەپۆک لە خەڵکی دیکە دەوەشێنن. بە ئاسانیش حەق بە خۆیان دەدەن، تەنانەت پێشی گەشەکردنی خۆشیان بگرن و مەودای دەربڕینی بیروڕا بە خاوەن نەزەران و بیرمەندانی دەوروبەریش نەدەن.

تایبەتمەندی هەرەدیاری دوکتور قاسملوو دانی کەسایەتی بە دەوروبەری خۆی بوو، بەڕێزیان ئەزموونی ڕەوانشناسییەکەی زۆر بەهێز بوو.

بە باوەڕەوە پێی وابوو هەرکەس غروور و شایی بەخۆبوونی تایبەت بە خۆی پێیە، زۆر گوناحە ئەو غروور و باوەڕانە بشکێندرێن، کە شکاندنی لەو شێوە، هەستی باوەڕبەخۆبوون و بیری هیوا بەدوارۆژ و سەرکەوتن تا ڕادەیەکی زۆر تێک دەڕۆخێنێ، بۆیە هەرکاتێک لەگەڵ هەر کادرێکی سیاسی، یا فەرماندەیەکی نیزامی یا پێشمەرگەیەکی سادە دادەنیشت، دیدار و ڕووبەڕووبوونەکەی ئەوندە عەکیمانە بوو کە بە هیچ جۆر لە چێژی تەرەفەکانی خۆی نەدەدا و سۆزی باوەڕبەخۆبوونی گوێگرانی نەدەشێواند.

بەو پێیەی ئەو کەسانەی کە سەردانیان دەکرد، دوای دیدارەکەی هەست و چێژیان زۆرتر گەشەی دەکرد و سیما و کەسایەتییەکی دیکەیان بۆ دروست دەبوو، بەتایبەتی دوکتور قاسملوو کەسایەتی بە منداڵان دەبەخشی، ئەهەمییەتی یەکجار زۆری بە پەروەردەکردنی منداڵان دەدا، بە گوێی خۆم لێم بیستووە دەیگوت زەینی منداڵان وەکوو تەختە ڕەشە وایە، هەرچی لەسەری بنووسی، ئەوە نیشان دەدا و لە دوارۆژیشدا بەرهەم و ناوەرۆکی بەپێز تەحویلی کۆمەڵگا و دەوروبەری دەداتەوە.

ڕووبەڕووبوون لە گەڵ دوکتور قاسملوو نەوعێک ڕەوان دەرمانی بوو. ئەو شێوە باوەڕخولقێنی و ئەو چەشنە ڕەواندەرمانییانە دەبوونە ئەهرۆم و دینامۆیەکی بەهێز بۆ ئەوەی مۆخاتەبەکانی بە گوێی دڵ ڕاسپاردەکانی وەربگرن و زیاتر و زیاتر لە سەر ڕێبازی شۆڕشگێڕانەی خۆیان بەردەوام بمێننەوە.

ئەگەر ئەو بەشەی تۆزێ کورت بکەینەوە، دوکتور قاسملوو منداڵان و لاوان و کیژ و کوڕانی تازەهەڵچووی وەک زەخیرەی سیاسیی و ئابووری و کۆمەڵایەتی دوارۆژ، دەکێشایە نێو هونەری ژیانەوە.

دوکتۆر قاسملوو شارەزایی زۆری لە نهێنییە ڕۆحییەکان هەبوو، لەڕاستیدا کەم کەس بە ئەندازەی دوکتور قاسملوو زمانی کادر و پێشمەرگەکانی دەزانی و کەم کەس هەبوون وەکوو دوکتور قاسملوو ژان و ئازاری بریندارانی و ئەندامانی پەککەوتوو و بەساڵداچوو دەرک بکا.

دوکتور قاسملوو باوەڕی بە هێندێ پاوان و تانە و نێوانی سیاسی تەشکیلاتی هەبوو و پێی وابوو دێموکراسیش بە هەموو نەرمی و ناسکی خۆیەوە دەر و پەیکەر و شوورا و حەساری تایبەت بە خۆی هەیە.

پێی وابوو دێموکراسیی دەروون حیزبی لەگەڵ فیکری لیبرالیستی و لاقەیدی و بێ بەندوباری دوو شتی بە تەواوەتی دژبەیەکن.

زۆر جاران لێم بیستووە کە دەیگوت دێموکراسی لەگەڵ قەڵسەگێران، بڕووبەهانەی بێ جێ و خۆگنخاندن و تەگەرە درووسکردن و پڕۆپاگەندەی بێ ئەسڵ و بێ بنەما جۆر دەر نایەتەوە.

ئەو لە چوارچێوەی دێموکراسیدا باوەڕی بە نەوعێک دیسیپلینی ئاگاهانە هەبوو، نەزم و نیزام و ئینزیباتی هۆشیارانەی بە پایە و مەرجی بنەڕەتیی گەشەکردن و سەرکەوتن دەزانی، باوەڕی زۆر توندی بە سانترالیزمی ئۆسوولی هەبوو.

لەگەڵ هەموو ئەوانەش پێی وابوو پێوەندی نێوان دوو ئینسانی خەباتکار، پێوەندی نەرم و نیانی نێوان دوو دڵدار نییە.

هەروەها لەسەر ئەو باوەڕەی سوور بوو ئەو ئیدە بەرزانەی کە ئەو وەک داوای دەردە کۆمەڵایەتییەکان حیسابی بۆ دەکردن لەگەڵ شانتاژ و عەوام هەڵخەڵەتێنی و ناوچەگەرایی چەپلەکانە یەک ناخوێننەوە.

هەروەها ئەگەر بە ڕەسمییەت ناسینی مافی ژنان و شەرعییەتی بەشداری ئەوان لە ژیانی سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیدا بۆ یەکەم جار ئیدەی دانی کەسایەتی بە ژنان لە کۆماری کوردستاندا بۆ یەکەم جار لەدایک بوو و بە کردەوەش پیادە کرا، شانازییەکانیشی بۆ شەخسی پێشەوا قازی محەممەد و کۆماری کوردستان دەگەڕێتەوە دەتوانین بڵێین دوکتور قاسملوو دووهەمین کەس، یا دوای کۆماری کوردستان ئەوەڵین کەسە بۆ زیندووکردنەوە و پێهەڵگرتنی ئەو ئیدەیە تەواوی توانا و ئینێرژی خۆی بە کار هێناوە و بۆ جێگیرکردنی ئەو ئیدە پیرۆزە تێچووی زۆری داوە و شانازییەکەیشی بۆ شەخسی خۆی دەگەڕێتەوە.

ئەلحەق هاوکاران و شاگردانیشی بۆ تەحویل وەرگرتنی ئەو میراتە فیکرییە عارەقی زۆریان ڕشتووە و بۆ پیادەکردنیشی بە کردەوە ماندووبوونی زۆریان چەشتووە و ئێستاش ئێمە بە چاوی خۆمان دەبینین ژمارەیەکی زۆری کادری لێوەشاوەی سیاسی و نیزامی، پێشمەرگە و خەباتکارانی قارەمانی یایا، لە هەموو مەیدانەکاندا سەربەرزانە و ئازایانە ڕێگا دەبڕن و تەنانەت هەنگاوێکیش بە جێ نەماون.

ئەوە دوکتور قاسملوو بوو سەروبنی ئەو پرسە گرینگەی ئاگاهانە وەک میرات لە کۆماری کوردستان تەحویل وەرگرت و هۆشیارانەش وەک میراتێکی زۆر هێژا و وەکوو بەهایەکی بەشەری زۆر بەنرخ بە ئەوپەڕی ئەمانەتەوە تەحویلی هاوکاران و شاگردانی خۆی دا.

شتێک کە پێم خۆش نییە بەسەریدا باز بدەم ئەوەیە کە ئەمن زاراوەی شایستەسالاریم هەرگیز لە دوکتور قاسملوو نەبیستووە، بەڵام ئەوە بۆچوونی خۆمە و پێم وایە بە هەموو توانایەوە و بە هەموو ئینێرژی خۆیەوە پشتیوانی لە شایستەپەروەری دەکرد.

ئەو پشتیوانی لە ئیدەیەکی دەکرد کە لە لێدوانەکانی خۆیدا بە مریتۆکراسی نێوی دەبرد.

پێی لەسەر ئەوەی دادەگرت کە پلە و پۆستەکان بە پێی شیاوی و پسپۆڕی و زانست و ئاگاهی بە کەسانی بژاردەی شایستە بدرێن و لە ڕاستای دابەشکردنی دەسەڵاتدا لە سەر تەقسیمی مەهارەت و پسپۆڕی پێی دادەگرت.

پێی وابوو نەسپاردنی کار بە کارزان و نەدانی مەیدان بە مۆرەی خاوەن مەهارەت پاڵپێوەنان و دەست بە سینگەوەنانی عەناسوری بەئەزموون و کارامە بناغە و بنچینە و تەواوی جومگەی هەیکەلە تەشکیلاتییەکان بە تێکڕایی دادەڕزێنی.

ئەگەر ئەمن بمهەوێ بە پێی تێگەیشتنە لاوازەکەی خۆم غیرەت لە بەر خۆم نێم و تۆزێک زیاتر باسی ئەو کەسایەتییە گەورە بکەم، نەمر دوکتور قاسملوو یەکێک لە ڕێبەرانی هەرە کاریزمای خۆپێگەیاندەی گەلی ئێمە بوو کە بە جیهانبینی هەرە پتەو و بەهێزەوە نیزیک بە دوو دەیەی تەواو فەرمانی مودیرییەت و ڕێبەری حیزبی دێموکراتی لە هەلومەرجی زۆر دژوار و لێژاو و گەردەلوولی زۆر سامناکدا بەدەستەوە گرت.

جیهانبینی دوکتور قاسملوو جیهانبینییەکی بەرین و پتەو و خاوەن کاکڵ و ناوەڕۆک بوو.

ئەو تەنیا ئابووریناس و سیاسەتمەدار نەبوو، کەسایەتییەک بوو کە ئەهەمیەتی زۆری بە مێژوو دابوو و دواتریش بە هۆی درووستبوون، گەشە کردن و تێکشکانی جووڵانەوەکانی گەلی کورد و هەروەها لە هۆی سەرکەوتنی شۆڕشە گەورەکانی دنیا بە وردی ئاگادار بوو؛ ئەو ئاگاهییە توانای بە دوکتور قاسملوو بەخشیبوو کە بە سەرنجدان و ئاوڕدانەوە لە مێژووی ڕابردوو کێشە و تەشقەڵە و گۆڵمەزەکانی دوارۆژ وریایانە و زانستیانە پێشبینی بکات و بەو پێیە خەت و ڕێباز و جووڵانی ئاگاهانە بەرەو دوارۆژ بە سەرنجی وردەوە پێشوەخت دیاری بکات.

ئەو لە بارەی وڵات و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جەمسەرەکانی ئەمدیو و ئەودیوی دنیا ئاگاداری زۆری هەبوو.

لە نێو جیهانبینیی و لێکدانەوە گەردوونییەکەیدا گرینگترین ئەولەوییەتی دوکتور قاسملوو ئەوە بوو کە سیاسەت و هەڵوێستی حیزبی دێموکرات و تەنانەت جووڵانەوەی سەرانسەری هەموو پارچەکانی کوردستانیش لەگەڵ سیاسەتی گشتیی و ئاڵوگۆڕە سەرتاسەرییەکانی دنیا هاودەنگ و هەماهەنگ بکات.

بە توندی لە سەر ئەو باوەڕەی بوو کە هەر چەشنە غافڵبوون یا بێتەفاوەتی لە ڕاست گێژ و خول و ئاڵوگۆڕەکانی دنیا دابڕان و بەجێمان و تەریکمانەوە و تاککەوتنەوەی زیانبار بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێ.

ئەگەر ئێمە دوکتور قاسملوو لە ڕیزی ڕێبەرانی هەڵکەوتوودا وەک سیمای دەبڵکاراکتێر بێنینەوە بەرباس لایەکی شەفافییەت و یەکڕوویی و جیددیبوون و سەراحەت بوو، لایەکەی دیکەشی نەرمی و ئارامی و زەردەخەنە و ڕووخۆشی و پێکەنینی دۆستانە و نوکتەوێژی و زەوق و سەلیقەی ناسک بوو.

ئەگەر ژیانەکەیشی لەسەر یەک بە دووبەش دابەش بکەین، ئەگەر کەرتی سەرەتای ژیانی شێلبوونی جیددی و خۆڕاهێنانی شێلگیرانە بوو، تەواوی کەرتەکەی دیکەی هەمووی مامۆستایەتی و فێرکاری و پەروەردە و ڕاهێنانی ئینسانەکانی دیکە بووە.

دواماڵاوایی و کۆچە سوورە یەکجارییەکەشی شێوەیەک پێشەنگی و ڕێنوێنی و جۆگەشکێنی بێباکانە و ڕاهێنانی شۆڕشگێڕانە بوو، بە کردەوە ڕۆڵەکانی گەلی کوردی فێر کرد کە لە پێناوی ئامانجەکانیاندا هەرگیز نەسڵەمێنەوە و تا دواهەناسەی ژیانیان لە بڕینی هەورازە سەختەکاندا پێش قەراوڵ و ڕچەشکێن بن دوور لە دڵەڕاوکێ و دڕدۆنگی و گومان تا گەیشتن بە ئامانجی یەکجاری، هەنگاوەکانیان شل نەکەنەوە.

بەڵێ دوکتور قاسملوو وەکوو مۆمێک داگیرسا و هەڵپڕووکا و لە پێناوی گەلی خۆیدا بوو بە زنجیرەیەک فرمێسکی دووروودرێژ و تا پایینترین نوقتەی باڵای توایەوە.

دوکتور قاسملوو لە تەواوی تەمەنیدا ماندوویی نەناسی،بە شاهیدی دۆستان و دوژمنان ئەو یەکێک لە پڕکارترین و سەرگەرمترین و ماندووینەناسترین سیما هەڵکەوتووەکانی هاوچەرخی خۆی بوو، فاکتەری زەمانی بە ئامرازێکی زۆر گرینگ و کاریگەر زانی و کات و ساتەکانی تەمەنی لە پێناوی خەباتی گەلەکەیدا تواندەوە و لەو پێناوەدا بەهای زۆر گەورە و گرانی دا، لە قووڵایی دەروون و ویژدانییەوە هەتا توانای کێشای هاوارەکانی خۆی بەرز کردەوە و بە سۆز و کوڵ و ئەوپەڕی بێباکییەوە ڕایگەیاند: «گەلێک ئازادی بوێ دەبێ نرخی ئەو ئازادییەش بدات».

حەققەن و ئینسافەن بێ ڕیا و چەورزمانی و لەڕوودامان، ئازادی ویست و بۆ خۆیشی وەکوو ئۆلگوو و میسال و نموونە بە قیمەتی هێژاترین سەرمایە و گرانبەهاترین کاڵای ژیانی باجەکەی دا.

دوکتور قاسملوو کەسێک بوو کە عەقڵییەتە بەرزەکەی ڕێنوێنی ڕێچکە و ڕێبازەکەی بوو، ئەو بەرزەوێژییە مەیدانی و ویژدانییە هەستانەوەی ڕۆحی شۆڕشگێڕانە و زیندووبوونەوە و فرچکگرتنەوەی ناموسی سیاسی بوو، ئاخرین ناڵە و هاواری دوکتور قاسملوو بۆ چەوساوان و زۆرلێکراوان و دەنگی مەزلوومانەی تێکڕایی جەرگسووتاوانی گەلی کورد بوو کە لە سینە و هەناسەی دوکتور قاسملووەوە بەرز بوویەوە و بە هەموو ڕۆڵەکانی گەلی کورد و نیازپاکان و ئازادیخوازانی دنیا ڕاگەیەندرا.

# د. ئازاد محەممەدیانی:

## کۆماری ئیسلامی دەتوانێ دوو ئامانجی گشتی لە گەیشتن بە چەکی ناوکی هەبێ:

## ١.گەرەنتی کردنی حکوومەتەکەی ٢.ئاوەڵابوونی دەستی لە بردنە پێشی سیاسەتە ناوچەییەکانیدا

**وتوویژ: ڕەحمان سەلیمی**

«محەممەدجواد لاریجانی» دیپلۆماتی پێشووی ڕێژیمی ئێران و «کەماڵ خەرازی» ڕاوێژکاری باڵای «عەلی خامنەیی»، ڕۆژی یەکشەممە ٢٦ی پووشپەڕ، لە دوو وتوویژی جیاجیادا لە تواناییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ دروستکردنی بۆمبی ناوکی قسەیان کرد. کەماڵ خەرازی وتوویەتی کە ئێران توانایی فەنی و تەکنیکی پێویستی بۆ دروستکردنی بۆمبی ناوکی هەیە، بەڵام لە ئێستادا بڕیاری بۆ ئەو هەوڵە نەداوە. کاتژمێرێک دواتر محەممەدجەواد لاریجانی بە ئاماژەدان بە سەفەری جۆبایدن بۆ ئیسرائیل وتوویەتی بەپێی فتوای خامنەیی ئێران ئیزنی نییە چەکی کۆمەڵکوژ بەرهەم بێنێت، بەڵام ئەگەر بەو ئاکامە بگات کە چەکی ناوکی دروست بکات، هیچ کەس ناتوانێت پێشی پێ بگرێت. ئەو قسانە لە دۆخێکدایە کە وتوویژەکانی بەرجام بێ ئاکام ماونەتەوە، کەواتە دەتوانن چ مانایەکیان هەبێت؟

لەو وتوویژەدا لەگەڵ بەڕێز دوکتور «ئازاد محەممەدیانی» شرۆڤەکاری سیاسی ئەو بابەتە دەخەینە بەر تاوتاوێ کردن.

**ـ ئایا ڕێژیمی ئێران لە حاڵی بەرهەمهێنانی چەکی ناوکییە؟**

ئەگەر ئاوڕێک لەو ڕەوتە بدەینەوە کە بەرنامەی ناوکی ئێرانی پێدا ڕۆیشتووە ، دەردەکەوێ کە کۆماری ئیسلامی نەیتوانیوە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ناوکی بەو قەناعەتە بگەیەنێت کە متمانە بکەن بە بەرنامە ناوکییەکەی، چون لە پلەی یەکەمدا دوای چەند ساڵ چالاکی نهێنی ئەتۆمی لە نەتەنز و ئەراک لە ٢٠٠٢دا ئەم هەوڵانە ئاشکرا بوون، دواتر ماوەیەکی زۆری کێشا تا قەبووڵی بکات وەسڵ بێ بە پرۆتۆکۆلی ئیلحاقی، پاش ئەوەش ئەگەرچی کەوتە ژێر چاوەدێری ئاژانسەوە بەڵام ژێربەژێر هەر خەریک بوو کە زۆر جار سەرەداوی نهێنیکارییەکانی وەدەر کەوتوون و ئێستاش پاش کێشەیەکی زۆر بە شێوەی ئاشکرا بۆخۆی دانی بە پیتاندنی تا شەست لە سەد داهێناوە. پرسیار ئەوەیە ئەگەر کۆماری ئیسلامی بە دوای شتێک زیاتر لە وزەی ئەتۆم بۆ کارەبا و کارکردە پزیشکی و زانستییەکان نییە بۆ نهێنیکاری و بۆ شەست لە سەد؟ وەڵامی ئەو پرسیارە وەڵامی پرسیارەکەی ئێوەشە، ئەوەیکە کۆماری ئیسلامی خەون بە چەکی ناوکییەوە دەبینێ .

**ـ جەواد لاریجانی و کەماڵ خەرازی، بەدوای یەکدا لە سەر توانایی بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی جەختیان کرد، بۆچی ئەو قسانە لە ئێستادا دێنە بەرباس؟**

لام وایە ئەم قسانە لە ئێستادا دەتوانێ دوو ئامانج بپێکێ؛ یەکەم ئەوەیکە هاندانی پێنج زێدە یەکە بۆ ملدان بە ویستەکانی ئێران لە دانوستانەکانی بەرجام؛ واتە دەیهەوێ بڵێ کە نەگەڕانەوەتان بۆ بەرجام یانی گەیشتنی ئێمە بە بۆمبی ناوکی، کەواتە بە سەڵاحە بگەڕێنەوە چون لە ئەگەری نەگەڕانەوەتاندا ئێمە دەبینە ساحیب چەکی ناوکی. دووهەم ئەوەیکە ئەو قسانە هۆشداری یا هەڕەشەیەکە لە سەر ئیسرائیل، کە ئەگەر بیهەوێ درێژە بدا بەو کردەوانەی یا بیهەوێ هێرشێکی ڕاستەوخۆ بکاتە سەر ئێران، ئێمە ئەوەندە لە بۆمبی ناوکی نزیک هەین کە سازی بکەین و بە کاریشی بهێنین. دیارە کوتنی ئەو قسانە لە زمانی کەماڵی خەڕازییەوە زۆر مانادارە، چون «سەرپەرەستی شوورای ڕاهبۆردی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامییە»، شوورایەک کە ڕاستەوخۆ لە ژێر نەزەری عەلی خامنەییدایە و لەو خەت وەردەگرێ و ڕاوێژی دەداتێ؛ بۆیە پێویستە ئەو قسانە بەو ئاشکراییە، بە هێند وەربگیردرێ.

**ـ ئەو قسانە لە کاتێکدایە کە وتوویژەکانی بەرجام ڕاوەستاوە؛ کەواتە لە وەها هەلومەرجێکدا دەتوانێ چ لێکەوتەیەکی هەبێت؟**

وەک لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا باسم کرد، مەبەست لەو قسانە هاندانی ئامریکا و لایەنەکانی دانووستانکارە بۆ ملدان بە ویستەکانی ئێران و گەڕانەوەیان بۆ بەرجامە، بەڵام ئەوەیکە ئایا ئەو لایەنانە پێمل بە ویستەکانی کۆماری ئیسلامی دەبن یان نا ئەوە باسێکی دیکەیە؛ لام وایە کۆماری ئیسلامی خەریکە هەموو کارتەکانی دەسووتێنێ، لە ئێستادا دژبەرانی ئەم حکوومەتە هێند هاودەنگن کە کەمتر دیتراوە بەو شێوەیە لە بەرامبەر ئێراندا ڕاوەستن، تەنانەت چەند مانگ لەوە پێش لە نێوان ئامریکا و ئورووپاییەکاندا جیاوازی بیروڕا هەبوو لە سەر جۆری هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ئێران، بەڵام ئێستا وانەماوە و هاوڕاترن، کەواتە پێم وایە ئەو قسانە لێکەوتەکەی لە ئاست چاوەڕوانی کۆماری ئیسلامیدا نابێ و تەنانەت دەتوانێ بەپێچەوانەوە ببێتە هۆی بێمتمانەتربوونیان بە ئێران، چون ئەوە ئەسڵەن لە قسەکانی پێشتریان ناچێ.

**ـ کۆمەڵگای جیهانی تا چ ڕادەیەک ئەمە بە هەڕەشەیەکی جیددی دەزانێت؟ کاردانەوەیان چ دەبێ؟**

دیارە دەستڕاگەیشتنی ئێران بە چەکی ناوکی یانی سازبوونی کێشەیەکی گەورەی ئەمنی لە پلەی یەکەمدا بۆ سەر ئیسڕائیل و دواتر وڵاتەکانی ئەم ناوچەیە و لە ئاکامدا بۆ گشت دنیا؛ چونکە کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاریەوە دروشمی پەرەپێدان بە ئیسلامیی سیاسی و دەسەڵاتی شیعەی نوێنەری ئیمامی زەمانی داوە و خەریکە زۆریشی هەوڵ بۆ دەدات، کە ئەو هەمووە دەستوەردانە لە وڵاتانی دەوروبەری خۆی لەو پێوەندییەدایە، سەرەڕای ئەوەیکە بەڵێنی لەنێوبردنی ئیسڕائیلیشی داوە، خۆ ئەگەر بڕیاری جێبەجێکردنیشی نەدا، دونیا ناتوانێ لە سەر ئەوە ڕیسک بکات، بۆیە پێم وایە تەحەمولی ئەوە بۆ دونیا دژوارە و کۆماری ئیسلامی پێویستە بیر لە ڕۆژانی ئەستەمتر بکاتەوە. ئەو ئیدیعایە دەتوانێ ببێتە دەستمایەی گەمارۆ و گوشاری زیاتر. لێرەدا پێویستە ئاماژە بە نەخشی ڕوسیا و چین بکرێ، لە سەر کاغەز هاوڕا و هاودەنگی کۆماری ئیسلامین بەڵام لە کردەوەدا زۆرجار بە دژی ئێران هەڵوێستیان گرتووە و هاودەنگی وڵاتە ڕۆژاواییەکان بوون، بە تایبەت ئەو کاتەی کە شوورای ئەمنیەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئێرانی بە چەند بڕیارنامە خستە ژێر فەسڵی حەوت و گەمارۆ کوشندەکانی بە سەردا سەپاند، بەڵام ئێستا چین بێدەنگە و نازانرێ قەرارە لە کاتە هەستیارەکەدا چ بڕیارێک بدا، بەڵام ڕووسیە لە ئێستادا خەریکە گەمە بە کارتی ئێران دەکا لەو شەڕەی کە هەڵیگیرساندووە، ڕوسیە حەز بە ئێرانی ناوکی ناکا چون دەبێتە ڕکەبەرێکی هەرچەند لاوازتری ناوچەیی و ڕەنگە سەربەخۆتر، ناشیهەوێ بەرجام ساز بێتەوە و ئێران بگەڕێتەوە بازاڕی نەوتی جیهانی و لە ڕۆژاواش نزیک ببێتەوە چون لە ئێستادا پێویستی بەو دۆخە هەیە و نایهەوێ ئێران جێی لە بازاڕی جیهانی وزە بگرێتەوە، کەواتە هەڵوێستی ڕووسیە بە نیسبەت ئێران نارۆون و نادۆستانەیە و ئێران ناتوانێ لە کاتە هەستیارەکاندا حیسابی لە سەر بکات.





**ئێرانی ئەتۆمی هەڕەشەیە لە سەر هەمو دنیا بەڵام لە سەر ئیسڕائیل و وڵاتە ناوچەییەکان هەڕەشەترە، بۆیە دەبێ چاوەڕوانی بەهێزتربوونی هاوپەیمانەتییە ناوچەییەکان دژ بە ئێران بین، کە ئەگەر پێویست بوو لە کاتی گونجاودا هێز بەکاربهێنن یا نەهێڵن ئێران هێز بەکاربهێنێ**

**ـ لە ئەگەری دەستپێڕاگەیشتنی ئێران بە چەکی ناوکی، سیاسەتەکانی ڕێژیمی ئێران لە ئاستی ناوچە و جیهانیدا چ ئاڵوگۆڕێکی بەسەردا دێت؟**

کۆماری ئیسلامی دەتوانێ دوو ئامانجی گشتی لە گەیشتن بە چەکی ناوکی هەبێ: یەکەم گەرەنتی کردنی حکوومەتەکەی و دووهەم ئاوەڵابوونی دەستی لە بردنە پێشی سیاسەتە ناوچەییەکانیدا. بۆیە پێم وایە ئەگەر ئەوە ڕوو بدات، دەستتێوەردانەکانی زیاتر دەبێ و ڕووهەڵماڵراوتر ئەو پلانانەی کە بۆ ناوچەی هەیە دەباتە پێش. هێزە نیابەتییەکانی بەهێزتر دەکات و زمانی بە نیسبەت ڕۆژاواش توندتر دەبێ. سروشتییە کە هەڕەشەی بۆ سەر ئیسرائیل زۆر زیاتر دەبێ.

**ـ ئیسراییل و وڵاتانی عەرەبی چۆن لەگەڵ ئەو بابەتە هەڵسوکەوت دەکەن و چ ڕێگایەک لەبەرامبەر ئێرانی ناوکی دەگرنە بەر؟**

لام وایە ئیسرائیل بۆ مانەوەی خۆشی بێ ناچارە پێش ئەوەی کۆماری ئیسلامی بە بۆمبی ئەتۆم بگات، کارێک بکات، بۆیە ئێستا هەوڵیەتی بە سازکردنی هاوپەیمانەتییەک لەگەڵ وڵاتە عەرەبییەکان هەڵبەت بە پشتگیری ئامریکا لە ژێر ناوی ناتۆی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، جەبهەی دژی ئێران بەهێزتر بکات. دیارە وەک گوترا ئێرانی ئەتۆمی هەڕەشەیە لە سەر هەمو دنیا بەڵام لە سەر ئیسڕائیل و وڵاتە ناوچەییەکان هەڕەشەترە، بۆیە دەبێ چاوەڕوانی بەهێزتربوونی هاوپەیمانەتییە ناوچەییەکان دژ بە ئێران بین، کە ئەگەر پێویست بوو لە کاتی گونجاودا هێز بەکاربهێنن یا نەهێڵن ئێران هێز بەکاربهێنێ.

**ـ خەڵکی ئێران چەندین ساڵە کە بەهۆی بەرنامەی ناوکی ئێران گوشارێکی زۆریان بەسەردا سەپاوە، بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی چ کاریگەرییەک لەسەر ڕەفتاری خەڵک دادەنێت؟**

بەشی زۆری ئەم دۆخە ئابوورییەی ئێستای خەڵکی ئێران بەهۆی ئەو گەمارۆیانەیە کە داسەپاوە و بەشێکیشی هی ئەو تێچووە کەڵانەیە کە ئەو بەرنامەیە بۆ ئێرانی هەبووە، بۆیە هەر ئێستا کۆمەڵگای ئێران هاوڕانین لەگەڵ ئەو بەرنامەیە و نانی شەویان پێ واجبترە، لەلایەکی دیکەشەوە ئێرانییەکان دەزانن کۆماری ئیسلامیی ئەتۆمی نەتەنیا هەڕەشەیە لە سەر دونیا بەڵکوو هەڕەشەشە لە سەر ئەوان و ڕەنگە بتوانێ ماوەیەک تەمەنی ئەم حکوومەتە درێژ بکاتەوە، بۆیە نەتەنیا هاوڕا نین بەڵکوو لە ئێستادا کە بزووتنەوە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکان لە گەشەدان و ئەگەری سازبوونی بزووتنەوەیەکی گشتی جەماوەری بەهۆی ئەو هەمووە قەیرانە ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییە، لە ئارادایە، کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بە ئەتۆمی بوونی کۆماری ئیسلامی ناشاد دەبن و نیگەرانی ئەوە هەیە کاریگەری لە سەر بەرەوپێشچوونی ئەو بزووتنەوانە هەبێ.

دیارە پڕچەکبوون و ناوکیبوون بەپێچەوانەی بیروڕای کۆماری ئیسلامی، ناتوانێ ببێتە هۆی گەرەنتی کردنی حکوومەتەکەی بەڵام دەتوانێ بۆ کورتماوەش بووە هێندێک ئەو دەسەڵاتە بە هۆی زەبروزەنگی زیاترەوە درێژ بکاتەوە.

بۆیە پێم وایە بزووتنەوە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکان ڕێگەی خۆیان دەپێون و بەهۆی گەمارۆی زیاتری کۆمەڵگای جیهانی بۆ سەر ئێران باری ئابووری ئەو وڵاتە خراپتر دەبێ و نارەزایەتیش پەرە دەستێنێ و لە ئاکامدا حکوومەتی ئیسلامی ناچارە بە ملدان یا ڕووخان دەبێ.

**ڕووسیە لە ئێستادا خەریکە گەمە بە کارتی ئێران دەکا لەو شەڕەی کە هەڵیگیرساندووە، ڕوسیە حەز بە ئێرانی ناوکی ناکا چون دەبێتە ڕکەبەرێکی هەرچەند لاوازتری ناوچەیی و ڕەنگە سەربەخۆتر، ناشیهەوێ بەرجام ساز بێتەوە و ئێران بگەڕێتەوە بازاڕی نەوتی جیهانی و لە ڕۆژاواش نزیک ببێتەوە چون لە ئێستادا پێویستی بەو دۆخە هەیە و نایهەوێ ئێران جێی لە بازاڕی جیهانی وزە بگرێتەوە، کەواتە هەڵوێستی ڕووسیە بە نیسبەت ئێران نارۆون و نادۆستانەیە و ئێران ناتوانێ لە کاتە هەستیارەکاندا حیسابی لە سەر بکات**

# (لە یادت دەنووسم بەرزەیاد، لە ناوت دەگەڕێم بەرزەمرۆڤ)

**گوڵباخ بەهرامی**

هەناسەسوارتر لە تاوان
بە دوای شوێن پەنجەی گوللەدا وێڵە،
بە دوای سێبەری مەرگدا چەتوون،
ڕۆژاوای هەمیشە نەگریس
ڕۆژاوای هەمیشە برین و شکان.
پەنجەکان شایەتن
کە هەتاو
لە دوادێڕی هەر شێعرێکدا، شەهید ئەبێت
گوللە، بەر برینی دڵم دەکەوێت
ڕۆژەکان ئەزانن
کە پەڕەی خوێناوی ڕۆژژمێر
لە پووشپەڕ نزیك ئەبێتەوە
کۆساڵان وەك دایك
سپییەتی دواتاڵی پرچیشی دەڕنێت
نارنجۆك بە جەستەی سوورییەوە دەئاڵێ
ڕووگەیەك دەبەستێت
بەرەو دڵەڕاوکێی شەوێکی نوتەکی قەرەسەقەل
ڕوو بە حەماسەی پەڕینەوەی ژیان بۆ ئازادی
پەڕینەوەی دواهەنگاو
لە جەستە ماندووەکەی بۆڕییەر.
لە یادت دەنووسم بەرزەیاد
لە ناوت دەگەڕێم بەرزەمرۆڤ
وەك ئەوەی کە ئەم پووشپەڕە
تاوناتاوێك
زام لە دەرگای دڵم بدا و
کۆنە مێژووی شەرمێونی سەدەیەکی پڕ نەهاتم بۆ هەڵڕێژێت
وەك ئەوەی کە ئەم هەتاوەی لە ڕووگەی دڵتەوە هەڵدێ
دوامەنزڵگەی، خاکە پڕ لە شەهیدەکەی ئازادی بێ و
لە فرتوفێڵی تاوان و
دونیای بەناو دێموکراسی ڕۆژاوای مودێرن بێرەوە هەڵتبێت.
لە پراگەوە بۆ قەندیل
لە دوادێڕی سەر لاپەڕەی کتێبەکەی بۆدلێر و ڕۆمەن ڕۆلان
لە دواهەنگاو، لە دواشەقامی پاریس و
پیرە هزری بێرنارد کۆشنێر،
لە نووسینەوەی دواگوللە و
دوادڵۆپی خوێنێکی لە غەدرا شەهید،
هەر تاقگەیە و
دۆڵ بە دۆڵی چی دارستانە دەگەڕێ
خەندەیەکت بکاتە شەپۆلی باڵای،
توێشووی ڕێگای سەدەیەکمان بۆ بخاتە هاتنتەوە.
بە ناوی تۆوە دەنووسین ئەی قەندیل
بە قورگی تۆوە دەگرییێن ئەی پاریس.
ئەی مێژووی هەمیشە حەسرەتکێش
دەفتەری خوێناوی تەمەنی شەهیدمان
ئەی ڕووگەی نەوەیەك پشتاوپشت تامەزرۆ
ئامێزی تەنیاتر لە خەمی خۆرهەڵات، پیرلاشێز
کام هەتاو ئەوندە بەخشندە
لە خۆرهەڵاتی دڵتەوە هەڵدێت و
کام ڕێبوار ئەوندە پڕحەسرەت
لە پەنای برینی لەشتەوە سەرخەوێك ئەشکێنێت.
ئەی خاکی لە غوربەتا شەهید،
ئەو ئەیویست مانگەشەو بکەیتە ڕەفیقی ڕێگات و
پیاڵەیەك پڕ بکەیت لە بەفری سەر شانی کۆساڵان،
تینویەتی حەسرەتی نیگایەك بشکێنیت
ئاوی و خاکەڕا
هەوری و جامانەت لە گەردن بئاڵێ.
ئەو ئەیویست
ئاوازێك بە نۆتی شمشاڵی ژینەوە بژەنێ
بۆ سۆزی دایکانەی ئەو شاخەی
بە کۆڵێك خەمەوە
گوێی بۆ وتنەوەی سروودی خوایە وەتەن ئاوکەی
ڕاگرتووە و پێدەشتی پڕ نەسرینی ئارەزووی
بۆ گەرمەی هاتنەوەی هەنگاوێك ڕاخستووە.
ئەو ئەیویست نەهێڵێت
ئەم غەدرە پێ بگرێ و
خوێن لە ڕەگی گورگئاسای تاوانەوە باڵ بکات
نەهێڵێت تاریکی سیخوڕی بن پەردەی هەتاو بێ و
نەهێڵێت مانگەشەو ڕاپۆرتی شوێن پێتان بۆ تاوان بنووسێت.
ئەی مێژووی هەمیشە غەدرلێکراو
ئەی دۆستایەتی نگریسی بە ئاژاوە شێوێندراو
ئێوە بڵێن
لە نەخشەی تازەنوسراوەی زڕبراکانی مێژوودا
بێ قاسملوو
کام ئەورووپا و کام ڕۆژاوا
دەرگای شارێکیان دەکوتا و
دەستیان دەخستە ناو دەستی کوردبوونەوە.
ئەو تەنیا کەسێك نەبوو لە سەدەیەکدا
سەدەیەك بوو لە هەموو کەسدا بوونی هەبوو
ناوێك نەبوو لە ڕیزێکی لاپەرەکانی مێژوودا
مێژوویەك بوو بە هەزار ناو
لە ناو ڕیزی چی لاپەڕەی نووسراوی بیری مۆدێڕنە بوونی هەبوو
لە چەپەوە، هەتا بیری لینینیزم و
مارکسییەکانی بە شان وباڵ ئەستێرەوە .
لە پراگەوە تا پاریس
لە پاریسەوە تا ڤییەننا
لە قەندیلەوە تا پیرە سۆڤییەت
هزرێك بوو لە قووڵبوونەوەی ژیان لە مرۆڤدا
نیگایەك بوو سەدان ساڵی پێش خۆیشی دەبینی.
قاسملوو
کاریزمای سەدەکانی پێش خۆی بوو
بەر لە هەموو مێژوونووسێك
ڕۆژاوای هێنابووە قسە،
تەنگی بە دژ و نەیار و پیلانی ڕەش هەڵچنیبوو.
هەر ئەو بوو، بێ نەسرەوتن
پێش کاروانی دۆستە ئەورووپییەکانی کەوت
شاخ بە شاخ و
سەنگەر بە سەنگەری ئەم خاکە ئاشنایەی
پێ گۆش کردن،
هەر ئەو بوو لەبەر هەیوانی هەتاودا
تاوێك دەستی میتەران و تاوێك کۆشنەری دەگرت و
لەگەڵ تیسۆت و ڕەندەڵدا
مێژوویەکیان دەهۆنییەوە
تا ئێستاکەش لە دێڕ بە دێڕی یادیاندا هەر زیندووە و
لە ژوور بە ژووری ماڵەکانیان دەبینرێت.
نەك هەر مەرگ
سەدان پیلانی مەرگئاساش نەیانتوانی
ناوی لە نووکی قەڵەمی ئەورووپادا بسڕنەوە
خەندەی لە قاپی سەر ڕەفەی دۆستەکانیدا دەربێنن
نەیانتوانی
لە دیپلۆماسی بنووسن و
قاسملوو، یەکەم وشەی سەر زمانی دیپلۆماسی دنیا نەبێ،
نەیانتوانی بێ قاسملوو
ڕێگای گەڕانەوەی مێژوو
بۆ سەدەکانی بەر لە ئەو بدۆزنەوە.
دەستێك بگووشن، پێش هەموویان
دەستەکانی قاسملوویان بۆ دواسەفەر نەگوشیبێ،
سروودێکی تازە بڵێن
پێش نۆت و دەنگ
قاسملوو بۆی نەوتبێتن.
نەیانتوانی و
نەیانتوانی و
هەر ناشتوانن.

KURDISTAN
Published by *Democratic Party of Iranian Kurdistan* *No :827* *22 July 2022*

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr
telegram.me/PDKImedia

